گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان
ISSN (Print):2218-0222
ISSN (Online): 2412-396X

Vol.28 Issu 2 2024
ID No. 1437(PP 1-26)
https://doi.org/10.21271/zjhs.28.2.1

توێژینەوە

# (بەندی)ی وەک شاعیرێکی کلاسیکی نەناسراو -توێژینەوەیەکی (مێژوویی وەسفی) یە

ئومێد عزیز مستەفا*

* بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەرەتی، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر
armanumed@gmail.com

وەرگرتن 2023/07/24
پەسندکردن 2023/10/23
بڵاوکردنەوە 2024/04/15

وشە سەرەکییەکان:
ژیاننامەی شاعیر،
شیعری کلاسیك،
فۆرم و ناوەرۆک.

## پوختە

لاکردنەوە لە ڕابردوو هێزە بۆ ئێستا و هەوێنە بۆ داهێنان، ئەگەرچی دەمێکە شاعیرانی ئەدەبی کوردی، لەڕێبازی کلاسیك دوورکەوتوونەتەوە و شیعری کوردی چەند قۆناغێکی دیکەی بڕیووە، بەڵام لەم توێژینەوەیەدا ئەمە دەردەکەوێت، ئەگەر تاك و تەراش بێت ئەوا شاعیرانێك هەن لەم سەردەمەدا شیعری کلاسیك دەهۆننەوە و پێڕەوی ڕێبازی کلاسیك دەکەن. دۆزینەوەی بەرهەمی شاعیرێکی کلاسیک، لە ئێستادا بەهاو بایەخی لە ناساندنی بە خوێنەرو ئەدیب دۆستان و نووسەرانی کورد و دەوڵەمەند کردنی خەرمانە شیعری ئەدەبی نەتەوەییماندا دەردەکەوێت. بەتایبەتی لە شارۆچکەی هیران و ناوچەی خۆشناوەتی. چونکە تاکو ئێستاشی لەگەڵدابێت، چەندین کەرەستەی خاوی تیادایە، کە کەس درکی پێ نەکردووە، یان زات نەکراوە، دەستی بۆبەرن، لەچوارچێوەی فەرامۆشی و نەناسراویدا ڕزگاریان بکەن. لەوانە (بەندی)شاعیر، تاکو ئێستا کەم و زۆر ئەگەر سەرپێیش بێت، هیچ شتێک دەربارەی ژیان و بەرهەمی نە نووسراوە، بۆیە ئەمە بەیەکەم کاری ئەکادیمی دەزاندرێت. لێرەدا دەکرێ بگوترێت، کە دوای بەدواداچوونێکی ورد و هەوڵێکی زۆر، توانیمان چەپکێک لە شیعرە کلاسیکییەکانی (بەندی)شاعیر بە دەست بهێنین، بیکەین بە ناوەرۆکی توێژینەوەکەمان. ئەگەرچی تاکو ئێستا شیعرەکانی بەندی لە دووتوێی دیوانێکدا کۆ نەکراوەتەوە و خوێنەر پێیان ئاشنا نەبووە، ئەمەش وای کردووە چەند پارچە شیعرێکی کەممان دەست بکەوێت، کە لە پەنجەکانی دەست تێپەر ناکات. لەم توێژینەوەیەدا وێستگەکانی ژیانی شاعیر و تایبەتمەندی شیعرەکانیمان، لە ڕووی فۆرم و ناوەرۆکەوە کردووە بە کرۆکی توێژینەوەکە، بۆ ڕێکخستنی کارەکانیش پێڕەوی ڕێبازی (مێژوویی و وەسفی)مان کردووە.

This work is licensed under Creative Commons Attribution-Non-Commercial 4.0 International License

**About the Journal**

ZANCO Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

**پێشەکی :**

ئەگەر بە مێژووی هەرێمی کوردستاندا بگەڕێین، ئەوە هەر زوو ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە شار و شارۆچکە و شارە دێیەکانی، خاوەنی چەندین کەسایەتی دیار و کەڵە شاعیری بە ناوبانگی ئەدەبی کوردین، بە (کۆن و نوێ)وە. بۆیە هەر چۆنێک دەست بەری بۆ خەرمانی ئەدەبی ئەم هەرێمە، بە دڵنیاییەوە بە دەستی خاڵی ناگەڕێیتەوە. نموونەی ئەم جۆرە شاعیرانەمان لە ناوچە جیاجیاکاندا زۆرە، لەوانە: ( مەلا تەها، مامەند کەرکوکی، مەیلی، مەلا مستەفا هیرانی، میرانی، بێدەر و شوان احمد مام علی... تاد). لێرەدا (بەندی)ی شاعیرمان هەڵبژاردووە و توێژینەوەکەش بە ناونیشانی ((بەندی))ی وەک شاعیرێکی کلاسیکی نەناسراو)ە. نەبوونی هیچ بابەتێك لەسەر ژیان و بەرهەمی ئەم شاعیرە، پاڵنەرێکی باش بووە بۆ ئەم توێژینەوەیە. ئەگەرچی کۆنەکردنەوەی شیعرەکانی لەنێو دوو بەرگدا کارەکەی سنوردار کردووین و تارادەیەك دەستی بەستووین. بەڵام لە ڕێگەی خۆیەوە لەدەستنووسەکانی شاعیر توانیمان ژمارەیەکی کەم لەشیعرەکانی وەربگرین، کە لەپەنجەکانی دەست زیاترنیین.

بەپێی پێویستی توێژینەوەکە، ناوەرۆکی بابەتەکەمان بۆ دوو بەشی سەرەکی دابەش کردووە، بەشی یەکەم: بریتییە لە کورتەیەک لە مێژووی هیران و ژیانی شاعیر، لەگەڵ چەند بابەتێکی وەکو: (سەرچاوەی شیعری بەندی، خەبات و تێکۆشانی شاعیر، چالاکی و بەرهەمە ئەدەبییەکانی شاعیرن). بەشی دووەم: تایبەتمەندی شیعرەکانی لە خۆ گرتووە، کە ڕوخسار و ناوەرۆکی شیعرەکانی دەگرێتەوە، هەر یەکێکیان چەند بابەتێک لە خۆدەگرێت لەوانە: ( زمانی شیعری، وێنەی شیعری، کێش و سەروای شیعرەکانی، ڕەوانبێژی و ناساوی شیعری)ن. ئەمە لە ڕووی ڕوخسارەوە، لە ڕووی ناوەرۆکیشەوە:(شیعری دڵداری، نیشتمانپەروەری، کۆمەڵایەتی و شیوەن و ...تاد. )دەگرێتەوە. دواتر ئەنجامی توێژینەوەکەمان لە چەند خاڵێکدا لەگەڵ لیستی سەرچاوەکان خستۆتەڕوو، پوختەی باسەکەش بە دوو زمانی جیاواز نووسراوە.

**1-مێژووی هیران و ژیانی شاعیر.**

**1-1-کورتەیەک دەربارەی شارۆچکەی هیران:**

هیران، یاخود (ناحیەی خۆشناوان)، دەکەوێتە سەر ئەو ڕێگا گوزاریەی، لە شەقلاوەوە بەرەوە قەزای کۆیە دەکشێ، بە لای ڕۆژهەلاتی خواروو. ڕێگایەکی خۆشکراو بە دووریی نزیکەی  بیست کیلۆمەتر، دوور لە شەقلاوە و لە ژێر سایەی چیای بایز بادینان، کە زنجیرە چیای نەبڕاوەیە لە چیای سەفین. لە ڕووی کارگێرییەوە تاکو نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم سەر بە قەزای کۆیە بووە، بەڵام لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم بووەتە ناحیە و سەر بە قەزای شەقلاوەیە. لە شەقلاوەش نزیکترە لە ڕووی پێوەر و مەوداوە نەوەک لە شاری کۆیە. هیران ئێستا بریتییە لە دوو بەش: یەکەم هیرانی جاران و دووەمیان هیرانی خواروو، کە دەکەوێتە دامێنی چیای شەخسیان نزیک گۆڕستانی شێخ محمدی زارگەلی. لە ڕووی سەرژمێرییەوە لە ئێستادا سەرژمێرییەکی ورد و دروست لە بەردەستدا نییە، چونکە دانیشتووانەکەی هەموو پەرت و بڵاو بوونەتەوە و لە هیران نەماون و کۆچیان کردووە بەرەو شار و شارۆچکە و بگرە هەندەرانیش، بەڵام

لە سەرەتای هەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، ئەم شارۆچکەیە پتر لە دووسەد ماڵ هەژمار کراون، (هیرانی،1987، ل19). لە کۆنەوە خوێندنی ئایینی و مەدرەسەی هەبووە، مزگەوتی گەورەی هیران چەندین کەسایەتی بەرزی پێگەیاندووە، لە خەڵکی هیران و دەرەوەی هیرانیش، هەروەها چەند شاعیر و نووسەر و پیاوی ئاینی زۆر چاکی پێگەیاندووە، لەوانە: ( ثانی شاعیر، صافی هیرانی، کاک علی کوری صافی و مەلا محمد فرهادی، جگەر خوێن، مەلا اسماعیل مەولی، مەلا مەجید هەرتەلی و مەلا سەعیدی هیرانی...تاد.) (هیرانی.2023،چاوپێکەوتن).خەڵکی هیران شۆڕشگێڕ و زەحمەتکێش بووینە، خزمەتی شۆڕشەکانی کوردیان کردووە، لە پێناو سەربەخۆیی خوێنیان ڕشتووە، بێوچان تێکۆشاون بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە سەرەکییەکەیان. هیران باغ و باغاتێکی زۆریان هەیە، چەندین میوە و بەروبوومیان هەیە، لەوانە: ترێ، هەنجیر، باوی، گوێز و سەرەڕای هەنارەکەی کە ناوبانگێکی باشی هەیە، بۆتە مایەی بژێوی ژیانی دانیشتوانەکەی و سەوز هێشتنەوەی ناوچەکە. لەگەڵ ئەمانەشدا ئاو و هەوایەکی فێنک و سازگاریشی هەیە، کە وایکردووە، خەڵک بۆ گەشت و سەیران ڕووی تێ بکات. گەلەک لە شاعیران لە شیعرەکانیاندا باسیان کردووە، لەوانە سامی عەودال(1912-1985) لە شیعرێکدا، دەڵێت:

**ئاگری لە دڵی بەردەوام ڕۆژی کەیف و سەیرانێ** **مەحالە بکوژێتەوە بە ڕێژنەی دە بارانێ**

**سێو لە باغان نەخشاوە باغەکانی واساوا** **نازەنین وسیساوالەشەقلاوە و هیرانێ** (معروف،2007،29)

دڵزاری شاعیریش لە بارەی گەشت و سەیرانێ بۆ هیران لە ساڵی 1926م لە شیعرێکدا، دەڵێت:

**ڕۆژمان کردەوە شەوێک لە هیران** **بە شادوومانی و سوحبەت و سەیران** (دلزار، 2007،ل 270).

بە گوێرەی ئەم شیعرانەش بێت دیارە، کە هیران و نازەنین لەگەڵ شەقڵاوە شوێنێکی گەشتیاری خۆش بووینە، تا ئێستاش خەڵک ڕوویان تێ دەکات.بەندی شاعیریش لەم ناوچە دڵرفێنەدا، چاوی بە دونیا هەڵهێناوە و ئێمەش کردوومانەتە کرۆکی توێژینەوەکەمان.

**1-2- ژیانی شاعیر:**

ناوی تەواوی ( محمد مستەفا عەلی بەکر)ـە لە ساڵی 1955ز لە گوندی هیران ناسراو بە ناحیەی خۆشناوان لە بنەماڵەیەکی ديندار و کوردپەروەر هاتۆتە دونیاوە، دایکی ناوی (مرواری مستەفا)یە و خوێندەوار بووە، توانیوێتی منداڵان فێری قورئان خوێندن بکات. باوکی مەلا بووە و سەرەتای خوێندنی لە تەمەنی پێنج ساڵیدا لە لای باوکی دەستی پێ کردووە و قورئانی خوێندووە. لە تەمەنی شەش ساڵیدا چۆتە هەولێر و قورئانی تەواو کردووە، چەند پەرتوکێکی ئاینی دەربارەی شەریعەت خوێندۆتەوە، بە بێ ئەوەی بچێتە قوتابخانە. لە ساڵی 1965ز دەچێتە قوتابخانەی ئەوقافی دینی، لە پۆلی چوار وەرگیراوە، چونکە پێشتر لە لای باوکی دەرسی خوێندبوو، تاکو پۆلی شەش تەواو دەکات. پاشان دەچنەوە هیران و ساڵێک خوێندنی لە دەست دەچێت، بە هۆی ئەوەی باوکی قازی شەرعی هێزی سەفین بووە، لە شۆڕشی ئەیلوول. دواتر لەگەڵ چەند فەقییەکی باوکی دەرس دەخوێنێت، دەچێتە گوندی چیوەی خوارێ، لای مەلا عوسمان حاجی مەمەند، ماوەیەک لە لای ئەو دەرس دەخوێنێت. پاشان دەگەڕێتەوە بۆ شاری هەولێر و دەچێتە لای دۆستێکی باوکی، فێری بەرگدوورین دەبێت. تاکو ساڵی 1969ز، ناوەندی ئیسلامی سەر بە ئەوقاف، لە هەولێر دەکرێتەوە چۆتەوە بەر خوێندن. تاکو پۆلی شەشی ئامادەیی تەواو دەکات. دەچێتە کۆلێژی شەریعە لە بەغداد، بەڵام بەهۆی ئەو بارودۆخە سیاسییەی ئەوسای کوردستان، جارێکی تر لە خوێندن دوور دەکەوێتەوە، تاکو ساڵی 1976ز – 1977ز، دەگەڕێتەوە بۆ کۆلێژ و خوێندنەکەی تەواو دەکات. لە سالی 1979-1980ز، بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە کولێژی شەریعەی زانکۆی بەغداد بەدەست دەهێنێت، دەگەڕێتەوە بۆ هەولێر. دوای ماوەیەک دەکرێت بە سەرباز، لە ساڵی 1983ز تەسریح دەکرێت، بەڵام بە (ئینتیداب)، کە دەبوایە ببێتە کارمەند نەک کاری ئازاد بکات. ئەوە بوو لە شەقڵاوە لەجیاتی سەربازی دەبێتە مامۆستا، ماوەی ساڵ و نیوێک بە بژێوییەکی خراپ و سەختی باری ئابووری کێشەکانی ژیان بەڕێ دەکات. پاشان دەکرێتەوە سەرباز بۆ خزمەتکردنی یەدەگ(احتیات)، کە بۆ ماوەی ساڵێک زیاتر دەخایەنێت. پاشان دەگەڕێتەوە بۆ شەقڵاوە، درێژە بە کاری مامۆستای دەدات، لە دواناوەندی سەر مەیدان و پەیمانگای ئیسلامی. دواتر دەگەڕێتەوە بۆ هەولێر، لە پەیمانگای مەڵبەندی مامۆستایان درێژە بە خزمەتکردن دەدات، بە شێوەی وانەبێژ لە چەندین قوتابخانە خزمەتیکردووە، لەوانە: (قوتابخانەی سەلاحەددین، زازا، هەڵمەت، ڕزگاری....تاد.)، دوای بیست ساڵ لە خزمەت کردن، لە وەزارەتی پەروەردە ساڵی 2003ز، دەبێتە سەرپەرشتیار لە پسپۆری زمانی عەرەبی و پەروەردەی ئیسلامی، لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ناوەندی هەولێر. شاعیر ژیانێکی سەخت و پڕ لە ئازاری بەسەر بردووە، باری ئابووریی باش نەبووە، هاوتەریب لەگەڵ خوێندندا کاری کردووە، تەنانەت لە قۆناغەکانی کۆلێژیشدا لە بەغداد کاری کردووە، بۆخۆی خۆی پێگەیاندووە، لەگەڵ هەموو ئەم سەختیانەدا ژیاوە و توانیویەتی بەسەریاندا سەر بکەوێت، ژیانێکی باشتر و چاکتر بۆ خۆی و خێزانەکەی فەراهەم بکات. شاعیر دووجار هاوسەرگیری کردووە، خاوەنی دوو کوڕ و کچێکە(هیرانی، 2022،چاوپێکەوتن). لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە خاوەنی پەیوەندییەکی فراوانە، لە شار بە هۆی مامۆستایەتی و سەرپەرشتیارییەوە، لە بازاڕیش بە هۆی بەرگدوورییەوە، لە شاخ بەهۆی شۆڕشەوە و لە لادێ بەهۆی کەسایەتی خۆی و باوک و خانەوادەکەیەوە. لە ناو کۆڕی ئەدیبان و نوسەرانیشدا بەهۆی بەرهەمەکانیەوە پەیوەندییەکی زۆر باش و بەهێزی هەیە. لەگەڵ ئەمانەشدا شاعیر کەسێکی لەسەرخۆ و قسە نەرم و دڵ فراوانە و بە ویژدان و دڵ ساف و دڵسۆزە، کەسێکی بێگەرد و چاو تێرە و موسڵمانێکی بە کردارە. کەسێکی بە توانایە و لەگەڵ هەموو چین و توێژەکانیشدا دەگونجێت و خۆش مەحشەرە، شاعیر هاوڕێیەتی توند و تۆڵی لەگەڵ گەلێک لە شاعیراندا هەبووە، لەوانە: (سامی عەودال، لەتیف هەڵمەت، عەبدوڵڵا پەشێو وعەونی و...تاد.)، شاعیر خەڵکی شۆڕشگێڕ و قارەمانی زۆر خۆش ویستووە، خاوەن ڕەوشتێکی بەرز و بە ئەمەک بووە، قەد پۆست و پێگەکەی بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکارنەهێناوە چاوی لە دەستی کەس نەبووە، بەرتیل و ڕەشوەی لە کەس قبوڵ نەکردووە. ئەم خاسیەتانە و چەندین خاسیەتی دیکە وایان کردووە، کە شاعیر خۆشەویست و جێگای ڕێزی تایبەت بە خۆی بێت لە ناو خەڵکدا. لە ساڵی 2018ز خانەنشین دەبێت و لە شاری هەولێر درێژە بە کاری بەرگدووری خۆی دەدات(بێدەر،2023،چاوپێکەوتن). لە سەرەتای تەمەنی لاوییدا ناسناوی بەندی بۆ خۆی هەڵبژاردووە، لە شیعرەکانیدا بەکاریهێناوە. ئەمەش دیارە بۆ باری دەروونی و سەختی ژیانی ئاوارەیی شاعیر و یان دوای گەڕانەوەیان بۆ وڵات بە هاونشین لە گوندێکی نزیک شاری کەربەلا بە زۆر نیشتەجێ کرابوون. ئەم جۆرە ژیانەش دیارە هەر کاڵایەکی وای بە بەردا دەکرێت.(هێمن،2023 ،کۆڕ).شاعیر لەشیعرێکدا باس لە تەمەن و ژیان وگوزەرانی خۆی دەکات، کە چەندە پەرێشان و سەخت بووە، پڕلەکێشە و ئازار و نەهامەتی بووە، لەکاتێکدا هیوا و ئومێد و برین پێچ بووە، بۆ خەڵک و مامۆستاش

بووە، بۆ چینی هەژاران بەبێ کەم تەرخەمی. کەچی خۆشی سەری سوڕماوە و نازانێ و دەپرسێت، لەم مەجالەدا بۆچی شکستی هێناوە و سەرکەوتوونە بووە؟ بۆنموونە بەندی، دەڵێت:

**زەخیرەی سی و شەش ساڵەم زووخاوو خوێنی جەستەم بوو** **غەم و قەهرو بەڵابارین وەکو هەیهاوی ڕۆستەم بوو**

**بەغەیری شیعرو شاری چۆڵ و هەم شەوگاری تاریکم** **ئەنیسێکم نەبوو بۆیێ ژیانم پڕ لە ئەستەم بوو**

**لەبۆ خەڵکی تیمارناس و برین پێچ بووم کەچی بۆخۆم** **دڵ و جسمێکی مەعلوول و زەعیف و زارو خەستەم بوو**

**کەماموستای هەزاران و هەژاران بووم بەبێ تەقصیر** **ئەمن لەم مەسلەکە بۆچی مەساری پڕشکستەم بوو)** (10ل،2022)

شاعیر بەم جۆرە هەست و بیری خۆی سەبارەت بە چەند ساڵەی تەمەن و ژیانی ڕابردووی هێناوەتە سەر کاغەز و بە وشەو زاراوەی جوان ڕازاندوویەتیەوە.

دەتوانین بڵێین خەبات و تێکۆشانی شاعیر، لەو ڕۆژەوە دەست پێ دەکات؛ کە باوکی وەکو قازی شەرعی، لە هێزی سەفین لە ناو هێزی پێشمەرگە، دەست بە کار دەبێت؛ چونکە دوای ماوەیەک، بە هۆی بارودۆخی ئەو کات شاعیر ناتوانێت؛ چیتر لە هەولێر درێژە بە خوێندنەکەی بدات؛ دەگەڕێتەوە بۆ لادێ ودەبێتە هۆی دابڕانی لە خوێندن، بۆ ماوەی یەک ساڵ. هەر چۆنێک بێت، لەگەڵ دایک و خوشک و براکانی دەگەڕێتەوە بۆ هەولێر؛ بە کولە مەرگی دەست دەکات بە خوێندن، تاکو ساڵی 1974م، لە کۆلێژی شەریعە لە بەغداد وەردەگیرێت. بەڵام بە هۆی هەستی نەتەوایەتییەوە، ڕوو دەکاتە شاخ و لە دەورەیەکی پەرەستاری (برین پێچی)، سەر بە هێزەکانی پێشمەرگە لە ناو پردان بەشداری دەکات. یەکێک دەبێت لە وەرگیراوان، بۆ ماوەی چوار مانگ لەم دەورەیە بەردەوام دەبێت؛ بە سەرکەوتوویی تەواوی دەکات. بۆ خزمەتکردن بە هێزەکانی پێشمەرگە و شۆرش درێژە بە خەباتەکەی دەدات؛ دەبێتە برین پێچ لە ناو شۆرشدا. پاشان کە شۆرش تێکچوو، لە ساڵی 1975م ڕوو دەکەنە وڵاتی ئێران؛ لە شارۆچکەی خانێ بۆ ماوەیەک نیشتەجێ دەبن. بە شێوەی کاتی دەکرێتە ماموستا لە زێوێ، وانە بە منداڵە ئاوارە کوردەکان دەڵێت. دواتر دابەشیان دەکەن بەسەر شارەکاندا؛ شاعیر و خێزانەکەی بەر شاری ڕەفسەنجان دەکەون. لەوێ لە نەخۆشخانە بە ناونیشانی برین پێچ بە گرێبەست دادەمەزرێت، ساڵێک دەوام دەکات، ڕاژەکەی دەگوازنەوە بۆ کارخانەیەکی دەرەوەی شار؛ بە ناوی ( پارسینس جۆردن)، کە ئەمەریکییەکان سەرپەرشتیان دەکرد. لەوێش ماوەیەکی کەم دەمێنێت، پاشان لەگەڵ خانەوادەکەیدا؛ لە ساڵی 1976-1977م لە ڕێگەی مەرزی خەسرەوی دەگەڕێنەوە بۆ وڵات. بۆ ئەوەی لە ئاوارەیی و دەربەدەری ڕزگاریان بێت؛ بگەرێنەوە ناو میللەتەکەی خۆیان. بەڵام ڕژێمی بەعس ڕێگا نادات و لە گوندێکی نزیک کەربەلا نیشتەجێیان دەکات. مۆڵەتی دەرچوونیان پێ نادات، ئەم ئاوارەییەش دەبێتە هۆی ئەوەی شاعیر نزیکەی دووساڵ تری خوێندنەکەی لە دەست بچێت. لەبەر ئەوەی کە کوردە؛ بەڵام لە ڕێگەی پێشکەش کردنی داواکارییەک بە بەرێوەبەری کارگێڕی شارۆچکەکە، بۆ ئەوەی خوێندنەکەی تەواو بکات؛ مۆلەتی پێ دەدرێت بە مەرجێک دەبێت بگەڕێتەوە، لە کاتی دیاری کراودا واژۆ بکات، کە لە ناوچەکە ماوەتەوە و دەرنەچووە.(م.م.م.2023،چاوپێکەوتن).

### 1-2-1- چالاکی و بەرهەمە ئەدەبییەکانی شاعیر:

لە ڕێگەی ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە بەهێزەی هەیبووە، لەگەڵ شاعیر و هونەرمەندان، هەوڵی داوە، چەند چاوپێکەوتنێک لەگەڵیان ئەنجام بدات. لەوانە:(عەونی، سامی عەوداڵ، مەلاعەبدوڵڵا(عاجز)،مەجیدئاسنگەر، حەیدەرعوسمان، سەلیم حمدعلی وحنا عەبدولئەحەد...تاد). بەندی بێجگە لە شیعر هۆنینەوە، نووسەرێکی باشە و چەندین بابەتی، لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردی و عەرەبیەکاندا بڵاوکردۆتەوە؛ لە ژێر نازناوی (م.م.م)دا. ئەمەش دیارە هۆ و هۆکاری خۆی هەبووە، بۆیە بەم نازناوە کە دەکاتە (محمد مەلا مستەفا) بڵاوی کردۆتەوە. ئەو گۆڤارانەی کە بەرهەمەکانی خۆی بۆ ناردوون ئەمانەن: ( یەکەم بابەتی نووسین لە گۆڤاری کاروان لە ساڵی 1984م بلاو کردۆتەوە، بە ناو نیشانی ڕوون کردنەوە، لە ژمارە (22 لاپەرە90)، لە ژمارەکانی تریشدا بابەتی بڵاوکردۆتەوە، لەوانە ژمارە (21، 25، 28 و 128...تاد.). لە گۆڤاری بەیان، گوڵان (کوردی و عەرەبی)، شانەدەر، ئاسۆی پەروەردەیی، پاشکۆی خەبات، سروە، پرشنگ، گۆڤاری دیوان، ڕەنگارە، ڕامان، دەنگی زانا،....تاد)، هەروەها لە گۆڤارە عەرەبیەکانیشدا، (مجلەی افاق تربویە، صحیفەی خبات، مجلەی زاگروس، گولانی عربی) بابەتی تیایدا بڵاو کردۆتەوە. لەگەڵ ئەمانەشدا چەند نووسەرێک لەسەر بابەت و بەرهەمەکانی (م.م.م) نووسیویانە، لە گۆڤارەکان بڵاویان کردۆتەوە، لەوانە(محسن دزەیی، دیوانی خەزان، شیرزاد عبدالرحمن- هاوکاری ژمارە 952، وریا احمد- کاروان ژمارە 31.) هەروەها لە لایەن هوشیار دەروێش، لە گۆڤاری ماموستایانی پەروەردە، بروانامەی ڕێزلێنانی پێ بەخشراوە. لە لایەن کۆلێژی پەروەردەی مەخمور و هەموو ئەو کۆڕانەی کە لە هەولێر، بەغداد،

کۆیە، شەقڵاوە و ڕەواندوز گێراویەتی بروانامەی ڕێزلێنانی پێ بەخشراوە. زۆربەی غەزەلیاتی دیوانی صافی هیرانی، هێمن، نالی، میهری و نالی مەجالی لێدوان و لێکۆلینەوەی ئەو بوونە. سەرەڕای ئەمانەش دیوانی صافی هیرانی دووجار بە چاپ گەیاندووە، چاپی هەولێر لە 2004م ،کە شەش سەد لاپەڕەیە، چاپی دووەم لە بەیروت ساڵی 2015م ،کە حەوت سەد لاپەڕەیە، دیوانی میهری لە ساڵی 2013م، کە دووسەد و بیست و دوو لاپەڕەیە، چەند بەرهەمێکی چاپ نەکراویشی هەیە، لەوانە:( دیوانی مەلا مستەفا هیرانی، دیوانی بەندی، پێنج خشتەکی لەسەر شیعری نوری، صافی، سالم، هێمن، وەفایی و بێبەش، ئەرشیفی نووسەران و شاعیرانی هەولێر لە 400ی کۆچی تاکو ئێستا بە زمانی کوردی و عەرەبی و أسفا علی التدریس) بە زمانی عەرەبە.چەند چیرۆک وئۆپەرێتێکیشی نووسیوە، بەناو نیشانی (قەهار، گلێنە) ئۆپەرێتەکانیش بە ناونیشانی ( با بخوێنین، یاسا و ئازادی)ە،هەردووکیان نمایش کراون و لە گۆڤاری ئاسۆی پەروەردەیی لە ژمارە 32 بڵاوکراونەتەوە.هەروەها چەند دیمانەیەکی لەگەڵ کەناڵی تەلەفزیۆنی(بەغداد و کەرکوک) ئەنجامداوە، کە لە لایەن سەعید زەنگەنە ئامادە کراووە. لەگەڵ کەناڵی تەلەفزیۆنی (هەرێم)یش دیمانەی ئەنجام داوە، کە فەرەیدون سامان ئامادەی کردووە.(م.م.م.2022،چاوپێکەوتن)، کەواتە دەتوانرێت بوترێت، بەندی بە هۆی نووسینەکانیەوە زیاتر ناسراوە و دەناسرێت، نەوەک لە ڕێگەی شیعرەکانییەوە؛ چونکە تاکو ئێستا شیعرەکانی چاپ نەکراوە، هیچ کارێکیش لەسەرشیعریەکانی نەکراوە، بۆیە بە نەناسراوی ماوەتەوە.

### 1-2-2- دەستپێکی ڕۆشنبیری و ئەزموونی شیعری:

بەندی وەکو زۆر لە شاعیرانی کۆنی کورد، سەرەتای خوێندنی لە حوجرە و مزگەوتەکاندا بووە؛ لە لای باوکی و لای چەندین زانای ئاینی دیکە دەرسی خوێندووە، لە زانستە ئاینیەکان و علومی عەقلی و نەقلی وەک: (علم النحو- الصرف، بلاغە، منطق، علم الکلام و اصول الفقە و علوم القران)ی خوێندووە. وێڕای ئەمانە لە قوتابخانەش دەرسی خوێندووە، شاعیر بۆی گێڕامەوە ووتی: ( بە هۆی خوێندنی قوتابخانەوە ئارەزووی ئەدەبی لە لام زیاد بووە) (هیرانی ، 2023م،چاوپێکەوتن). شاعیر زمانی کوردی و عەرەبی و فارسی زۆر باش دەزانێ و هەوڵی فێربوونی زمانی تورکیشی داوە. زانینی ئەم زمانانە زیاتر مەودای بیری شاعیریان فراوان کردووە، بۆ ئەوەی زیاتر بخوێنێتەوە. خوێندنەوەش سامانێکی ڕۆشنبیری باشی پێ بەخشیوە. شاعیر ووتی: (سەرەڕای سەختی ژیان ڕۆژانە ئەو برە پارە کەمەی کە دەستم دەکەوت هەندێکم بۆ کتێب کرین پاشەکەوت دەکرد و کتێبم پێی دەکڕی) (هیرانی، 2023م، چاوپێکەوتن). (شاعیر خاوەن کتێبخانەیەکی خنجیلانە بووە لە ماڵەکەیدا، دوکانەکەشی وەک بنکەیەکی ڕۆشنبیری ئەدەبی و سیاسی بووە، کە ڕۆژانە هاورێ و شاعیران سەردانیان دەکرد. لە دوکانەکەیدا گفتوگۆی ئەدەبی و سیاسی پێشەنگی هەموو گفتوگۆکان بوو) (بێدەر،2023م،چاوپێکەوتن).سەرەڕای ئەمانەش ڕۆژنامە و گۆڤارەکان سەرچاوەیەکی تری خۆ پڕچەک کردنی شاعیر بووە، ئەمانە هەمووی بەسەر یەکەوە ڕۆشنبیرییەکی خودیان بۆ شاعیر دروست کردووە. شاعیر لە مێرمنداڵیەوە خولیای شیعری کوردی و ئەدەبیاتی فارسی و عەرەبی بووە، لە قۆناغی ناوەندییەوە شیعری نووسیوە، کە بۆ سەرەتاکانی ساڵی 1970م دەگەڕێتەوە. شاعیر بۆی باس کردم، ووتی: ( لەو سەردەمەدا شیعری شاعیرانم زۆر لەبەر بووە، لەوانە صافی، سانی، نالی، مەحوی، قانع، مخلص و هێمن و کاریگەری زۆریشیان لەسەرم هەبوو و لەوانەی ئێستاش عەبدوللا پەشێو و لەتیف هەلمەت بە پلەی یەکەم، دیوانی حافیزی شیرازی و گولستانی سەعدی، کتێبی کریما و پەندی عطاریشم بە دەرس خوێندووە). بەڵام لە قۆناغی ئامادەیی ئاشنا بووم بە دیوانی متنبی، ابو العلاء المعری، دیوانی احمد شوقی، نووسینەکانی مصطفی لطفی و چوارینەکانی خەیام)( هیرانی، 2023م، چاوپێکەوتن). ئەمانە گرو تینێکی تریان داوە بە شاعیر بۆ ئەوەی زیاتر شارەزایی پەیدا بکات، لە بواری شیعر و ئەدەبدا. هەروەها سوورتر و بە گورتر بێت لەسەر هۆنینەوەی شیعر و هەوڵی بڵاو کردنەوەشیان بدات. یەکەم شیعری لە ساڵی 1979م لە گۆڤاری بەیان بڵاو کردۆتەوە، کە دەڵێت:

**گەر دەتزانی زامەکانم دووبارە**
**دەم دەکەنەوە**
**وشەکانم هەر وەکو خۆم**
**دەست لە ئەژنۆ ئەمێننەوە**
**ناڕۆیشتی، ئەمایتەوە،**
**ئەمایتەوە، ئەمایتەوە ....          ( 1979،ل.98)**

## 2- تایبەتمەندییەکانی شیعری بەندی

### 2-1- روخساری شیعرەکانی بەندی:

شیعر لە رووی پێکهاتنەوە لە رووخسار و ناوەڕۆک پێکدێت، ئەگەر سەیری هەر شیعرێک بکەین؛ کۆمەڵێک تایبەتمەندی تێدایە، لە چەندین ڕووەوە شیعرەکانی پێ لە یەکتری جیا دەکرێتەوە. ئەگەر چی ڕووخساری شیعری کلاسیکی کوردی زۆر لە یەکدەچن؛ هۆکارەکەشی ئەوەیە کە لاسایی شاعیرانی کلاسیکی ڕۆژهەڵاتیان کردووەتەوە. واتە شاعیرانی کلاسیکی ئەدەبی کوردی هەمان تایبەتیەکانی شیعری شاعیرە کلاسیکیەکانی ڕۆژهەڵاتیان بەکارهێناوە، لە رووی ڕوخسار و ناوەڕۆکەوە. سەبارەت بە بەندی شاعیریش بەپێی تایبەتمەندیەکانی شیعری کلاسیکی کوردی فۆرمی شیعرەکانی دەخەینەڕوو بەم شێوەیەی خوارەوە:

### 2-1-1- زمانی شیعرەکانی بەندی:

زمان بە ناسنامەی نەتەوایەتی دادەندرێت و هۆکارێکی گرنگە بۆ لە یەک گەیشتن، بەردەوامی و گەشەکردنی ژیان و شارستانیەتی مرۆڤ بە زمانەوە بەندە، ئەویش کۆمەڵە دەنگێکە واتا دەبەخشێت. زمان چەندین پێناسەی جۆراوجۆری بۆ کراوە و چەند جۆرێک لەخۆ دەگرێت، لەوانە: (زمانی دەق، زمانی جەستە، زمانی بیندراو، زمانی ئاماژە و زمانی شیعری...تاد). ئەوەی ئێمە مەبەستمانە زمانی شیعریە، (زمانی شیعری زاراوەیەکە واتەکەی ئەوەندە ئاسان نییە بتوانین سەرپێی پێناسەی بکەین، چونکە بابەتێکی تەماوییە، ئەویش بۆ جەوهەری ئەدەب دەگەڕێتەوە)(مبارک، 1992م،ص15). ئەمەش مانای ئەوەیە کە زمان ڕۆڵێکی بەرزی هەیە، لە ناوی ئەدەب بە گشتی و شیعر بە تایبەتی، بۆیە بە ڕەگەزێکی سەرەکی شیعر دادەنرێت. شیللی (1792-1822م) شاعیری ئینگلیزی سەبارەت بە زمانی شیعری، دەڵێت: (زمانی شیعری سیستەمێکی دەنگی و ڕەوتێکی دیاری هەیە، کە ناشێت شیعر بە بێ ئەو زمانە لە دایک ببێت...)(حسین،2007،ل.24). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە زمانی شیعری جگە لەوەی زمانێکی مۆسیقادارە کاریگەری بەسەر وێنە و دەقی شیعرەوە هەیە، کەواتە شاعیر پەیوەندییەکی توند و تۆڵ و سەرەکی بە زمانەوە هەیە و دەتوانێت زمان نوێ بکاتەوە، چونکە وشە لە توانایدا هەیە، شیعر بە زیندوویی بهێڵێتەوە. بەندی شاعیر هاتووە بە هەمان شێوازی شیعری کلاسیکی شاعیرانی پێش خۆی پابەندی زمانی شیعری کلاسیك بووە، کە تێکەڵ بە وشە و زاراوەی زمانی فارسی و عەرەبییە، بە جۆرێک بە کاریهێناوە لێی تێبگەین. وەکولەم دێڕە شیعرەدا بەندی، دەڵێت:

| | |
|---|---|
| **هێزی دیدە و نوطقی هەستم یاوەر و نوقطەی دلیل** | **چۆن بکەم عەزمی شکارت لەو دەمەی واکەم مەجال** (ل.2) |

لەم دێڕە شیعرەدا وشەکانی (نوطق، نوقطە، دلیل، عەزم و مەجال) وشەی عەرەبین و وشەکانی (دیدە، هەست، یاوەر و شکار) وشەی فارسین. یاخود لە دێڕە شیعرێکی تردا بەندی، دەڵێت:

| | |
|---|---|
| **هەر خەیال و خەونە وەصلم بێ (ثبات)ن جان و دل** | **لەحظ و لەفظم چوونە خانەی نوطق و دیدەی کوێر و لال** (ل.2) |

وشەکانی (وەصل، ثبات، لەحظ، لەفظ، نوطق) هەموویان وشەی عەرەبین و وشەکانی (جان، دیدە، خانە) وشەی فارسین .

لە دێڕی کۆتاییدا بەندی دەڵێت:

| | |
|---|---|
| **مەجلیسی کەشفی (حقائق) جەلسە یان بەست صەف بە صەف** | **صاحیبی (فتوی) لەوێدا بوونە تاجیر و بەقاڵ** |

وشە عەرەبیەکان ئەمانەن:(مەجلیس، کەشف، حقائق، صەف، صاحیب، فتوی، تاجیر)، وشە فارسیەکە بریتییە لە (جەلسە). وشەکانی دیکەش زۆربەیان هاوبەشن لە نێوان (زمانی فارسی و عەرەبی یان فارسی و کوردی)دا، وەکو:(مەجلیس، صەف، کەشف، بەست، فتوی، تاجیر و بەقاڵ)ن.

### 2-1-2-وێنەی شیعری (صورە شعریە):

وێنەی شیعری پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ زمانی شیعریداهەیە،( وێنە ڕەگەزێکی بنچینەییە لە زمانی شیعریدا) (الفضل،1987،ص467). واتە وێنەی شیعری و زمانی شیعری لێك جیا ناکرێتەوە، لە سادەترین مانایدا وێنەی شیعری بە وشە دروست کراوە، لە ڕێگەی وەسف و خوازە و لێکچواندنەوە.(سی دی لویس،1982،ل.21). کەواتە وێنە پەیوەندییەکی جمکانەی لەگەڵ ڕەوانبێژیدا هەیە و زۆرجار وێنەی شیعری بە هونەرەکانی رەوانبێژی دروست دەکرێت، بۆیە هونەرەکانی رەوانبێژی لە وێنەی شیعریدا کۆ دەبنەوە جا (وێنەی تاك بێت، یاخود لێکدراو، هەندێکجار وێنە سەرتاپای شیعر دەگرێتەوە و دەبێتە تاکە ڕێگای

داهێنان لە شیعردا)(العجلونی، 1988،ص22)، بۆیە محمدغنیمی هلال پێی وایە، (رۆحی شیعر وێنەیە).(،1986، ل344)، چونکە کۆڵەگەیەکی گرنگی هونەرەکانی شیعرە. دروستکردنی وێنەی شیعری بەهرە و توانایەکی باشی دەوێت، بەندی شاعیر بەهرە و توانای خۆی، لە چەند وێنەیەکی شیعری پیشان داوین، لەم چەند شیعرەی کە لە بەردەستمان دایە، چەند وێنەیەکی جوان و هونەرییانەی بۆ دروست کردووین، وەکو لەم شیعرەدا بەندی، دەڵێت:

**دوودی ئاهی سینەکەم وا گەییە تاقی ئاسمان** **کونجی زیندانم بە زەوقە پڕ لە قەومی هەم زمان** **(2023،ل8)**

لەم دێڕە شیعرە شاعیر لە باسکردنی ناخی خۆیدا لە زیندان دوو وێنە، یان دوو شتی لە یەك وێنەدا کۆ کردووەتەوە ئەویش خۆش و ناخۆشیە، لە دێڕی یەکەمدا باس لە سووتانی ناخی دەکات و دەڵێت: دووکەڵی ئاەو نالەی سینەم کە داخ و غەم و پەژارەیە و گەیشتۆتە بەرزاییەکانی ئاسمان و بێ هیوا و نائومێد و دەست لە ئەژنۆ ماوە، تاکە دلخۆشی لە ناو ناخۆشیەکەیدا ئەوەیە، کە لە نیوە دێڕی دووەمدا دەڵێت: کونجی بەندیخانە تەنیا ئەوەی خۆشە کە هەمووی کوردن و هاوزمانی خۆمن. شاعیر وێنەیەکی هونەری جوانی هۆنیوەتەوە و توانیویەتی ناخی خۆی زۆر هونەرییانە وەسف بکات و وێنەیەکی ڕاستگۆیانەمان بۆ بهۆنێتەوە. پاشان بەردەوام دەبێت و لە دێڕێکی تردا باسی ڕوخساری خۆی دەکات و دەڵێت:

**ڕایەکێنی ئەو کراس و کورتەکەی پڕ ڕشك و قێچ** **پێم بلێی ئەی پیسی چڵکن نێیە سەیرانگا کەمان** (2023،ل8)

شاعیر لەم دێڕەدا باسی بارودۆخی خراپ و پەڕپوتی خۆی دەکات، لە بەندیخانە کە چەند چڵکن و پیس بووە، ئەگەر جل و بەرگەکانی ڕاوەشێنێ، کە کراس و کورتەکەیەتی، ئەوە پڕە لە ڕشك و ئەسپێ و بە هیچ جۆرێك کەڵکی ئەوەی نییە، بێتە ناو خەڵك و لە ئاوەدانی ببینرێت، هەر کەسێك ببینێت ئەوە حەقی ئەوەی پێداوە، کە پێی بلێت نزیکمان نەبییەوە و نێیە لامان. لە دێڕە شیعرێکی تردا باس لە کوردستان دەکات و دەڵێت:

**شاخەکانت قیبلەگاهن باغەکانت جەننەتن** **عەدن و فیردەوسی زەمینێ شەبیە و بابەتن** (2023،ل3)

شاعیر لەم دێڕە شیعرەدا وەسفی کوردستان دەکات، وێنەیەکی جوانی سروشتی کوردستانمان بۆ دەکێشێت، کە شاخەکانی کوردستانی بە قیبلە چواندووە لە پیرۆزیدا، باغەکانی بە عەدەن و فیردەوس چواندووە لە خۆشی و جوانیدا، بە جۆرێك کە لەسەر زەوی بێ وێنە و بێ هاوتا و هاوشێوەیە، شاعیر ئەم وێنەیەی بە هۆی وەسفەوە دروست کردووە، کە وێنەیەکی سەرنج ڕاکێشە لە جۆری وەستاو، کە تواناکانی خۆی تیادا خستۆتە ڕوو، شاعیر شیعرەکانی بەم شێوەیە بە وێنەی ناسك و جوان ڕازاندووەتەوە.

### 2-1-3- هونەرەکانی ڕەوانبێژی لە شیعرەکانی بەندیی دا:

ڕەوانبێژی چەند پێناسەیەکی جۆراوجۆری بۆ کراوە، ڕەنگە دیارترینیان ئەوە بێت،( کورت بڕی بێ کەم و درێژبڕی بێ زیادە)یە (عەبدوڵڵا، 2012، ل15). ڕەوانبێژی گرنگی وتایبەتی خۆی هەیە، جوانی و داهێنان بە شیعر دەبەخشێت و بنەڕەتێکی گرنگ و سەرەکییە. شیعری باش بێ ڕەوانبێژی نابێت، چونکە زمانی شیعری ڕوون دەکاتەوە، بۆ دروستکردنی وێنە و دەربڕینی هەست و خەیاڵ و ئەندێشە و جیا کردنەوەی داهێنان لە لاسایی کردنەوە، بەهای زۆری هەیە و شاعیران بە پێی توانا و پێویستی شیعری بە کاریانهێناوە. شاعیران باش لەوە تێگەیشتوون، کە ڕەوانبێژی نەمری بە شیعر دەدات و داهێنانەکان جیا دەکاتەوە. بەندی شاعیریش وەکو هەموو شاعیرانی دیکە، تواناکانی خۆی لەم هونەرەدا تاقیکردۆتەوە. ئەم چەند شیعرەی کە لەبەر دەستدایە گەواهی ئەوە دەدەن، کە بە سەلیقەوە هەر سێ جۆرەکەی ڕەوانبێژی لە شیعرەکانیدا بەکارهێناوە، کە هەر یەکەیان کۆمەڵێك هونەری جیاجیا لە خۆ دەگرێت. بەندی وێنەی شیعرەکانی بەو هونەرانە ڕازاندووەتەوە و توانای خۆی خستووەتە ڕوو. ئێمەش تیشك دەخەینە سەر ئەو لایەنانەی، کە شاعیر داهێنانی تیادا کردووە.

### 2-1-3-1- ڕوونبێژی (البیان):

جۆرێکە لە جۆرەکانی زانستی ڕەوانبێژی و گرنگی خۆی هەیە لە شیعردا، بەم شێوەیە پێناسە کراوە، (ڕوونبێژی باسێکی زۆر فراوانە، هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە کەپەردە لەسەر ڕووی گوزارە لا ئەدەن و دەیخەنە بەرچاوەوە، یان بیرو باوەڕێك دەگرن و دەیخەنە ڕوو تاکو گوێگر یان خوێنەر بتوانێ بگاتە بنجوبنەوانی مەبەستەکە و تێی بگات) (گەردی،1972،ل18). لەم پێناسەیەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە ڕوونبێژی بۆ شی کردنەوەو ڕوونکردنەوەی شتە شاراوەکانە، تارادەیەك ئاسانکارییە بۆتێگەیشتنی خوێنەر. ڕوونبێژی چەند هونەرێك لەخۆی دەگرێت، وەك:(لێکچوواندن، خواستن، درکەو خوازە)یە(بەسیر،1981،ل5).سەبارەت بەم هونەرانەی ڕوونبێژی لەشیعرەکانی بەندیی ئەم هونەرانە بەرچاو دەکەون:

### 2-1-3-1-1- لێکچوواندن (تشبیە):

ئەم هونەرە(هونەرێکە لە هونەرەکانی ڕوونبێژی، بۆ خستنەڕووی مانا و مەبەست؛ بەهۆی خەیاڵەوە. بە واتای ئەوەی شتێکی کز و لاواز لە خاسیەتدا بچوێندرێت بە شتێکی دیکە، کە هاوبەش بن لە چەند سیفەتێکی لێك نزیك و پێی ڕوون بکرێتەوە. لێکچوواندن بریتییە لە وەکو یەك لێ کردنی دوو شت یان زیاتر، لە سیفەتێکی هاوبەش یان زیاتر، بۆ ڕوون کردنەوەی ئەو سیفەتە کە لە بابەتی باسەکەیە) (گەردی،2005،ل.21). کەواتە لێکچوواندن کردارێکی بەرانبەری کردنە لە نێوان دوو شتدا لە ڕووی لێکچوواندن و جیاوازیاندا. لێکچوواندن چوار بنەڕەتی هەیە: لێچوو (المشبە)، لەوچوو (المشبە بە)، ئەوزار (اداة التشبە)، ڕووی لێکچوون (وجە الشبە)، لێچوو و لەوچوو دوو بنەڕەتی سەرەکین و بە بێ بوونی ئەم دووانە لێکچواندن دروست نابێ،(گەردی،2005،ل.74). بەندی وێنەی شیعری جوانی لە هەر چوار بنەڕەتەکە دروست کردووە بۆنموونە، دەڵێت :

**ئەو دڵەم وەك کورە ناڵەی لێوە دێ بۆ لێوەکەت        دادەبیسێ    قەقنەس    ئاسا    وەقتی    سووتانم وەرە**(2023،ل.1)

شاعیر دڵی خۆی بە کورەی ئاگر چواندووە، واتە دڵی شاعیر: لێچووە، کورەی ئاگر: لەوچووە، وەك: ئەوزارە، ناڵە: ڕووی لێکچوونە، لە نیوە دێڕی دووەمیشدا بە قەقنەسی چواندووە واتە دڵی شاعیر: لێچووە، قەقنەس: لەوچووە، ئاسا: ئەوزارە، دادەبیسێ: ڕووی لێکچوونە. لە دێڕە شیعرێکی دیکەدا بەندی، دەڵێت:

**چەماوە پشتی ئامالم وەکو قافی سەری گۆچان        نە تەنها هەر لە خزم و خویش لە خۆشم پەست و بێزارم (ل.6)**

(پشتی: لێچوو، وەکو: ئەوزار، قافی سەر گۆچان: لەوچوو، چەماوە: ڕووی لێکچوون)ـە، ئەم لێکچوواندنە ڕاستەوخۆیە، وێنەیە و لێکچوواندنی بەرەڵای پێ دەوترێت، چونکە هەر چوار بنەڕەتەکەی تێدایە، لە ڕووی پێکهاتەوە لێکچوواندنی تاکە، چونکە لێچوو و لەوچوو هەر دووکیان تاکن، لە ڕووی هەستی و ژیرییەوە، هەستی بە هەستییە، چونکە بەر هەستی بینین دەکەوێت . لە دێڕە شیعریکی تردا بەندی، دەڵێت:

**زەخیرەی سی و شەش ساڵەم زووخاو و خوێنی جەستەم    غەم و قەر و بەڵا بارین وەکو هەیهاوی ڕۆستەم بوو(ل.11) بوو**

لەم شیعرەدا شاعیر سێ شتی بە یەك شت چواندووە، ئەویش ( غەم و قەهر و بەڵا)یە: لێچوو، وەکو: ئەوزار، هەیهاوی ڕۆستەم: لەوچووە. ئەم لێك چواندنە لە جۆری لێکچواندنی قولەیە، چونکە ڕووی لێکچوواندنی تێدا نیە و ژیری بە ژیرییە.

### 2-1-3-1-2-خواستن (الاستعارە):

ئەمەش یەکێکە لە هونەرەکانی ڕوونبێژی و چەندین پێناسەی بۆ کراوە، لەوانە: (خواستن ئەوەیە کە وشەیەك لە ڕستەدا بۆ مانایەکی تری جگە لە مانای دروست و فەرهەنگی خۆی بە کار بێنێ، بەو مەرجەی پەیوەندی نێوان مانا دروستەکە و مانا خوازراوەکە لێکچوواندن بێت و نیشانەیەك هەبێت، کە مەبەست لەو ڕستەیەدا مانای خوازەیی وشەکەیە نەك مانا دروستەکەی) (گەردی،2005،ل.45). واتە خواستن وشەیەکە بۆ مانا ڕاستەقینەکەی خۆی بە کار ناهێنرێت، بەڵکو مەبەستێکی دیکەی پێ دەربڕدرێت بە مەرجێك بۆ دەرخستنی سیفەتێکی لاوازی ئەم مەبەستە بێت لە بەکار هێنانیدا. بەندی شاعیر لە شیعرەکانیدا ئەم هونەرەی بەکارهێناوە و توانای شاعیری خۆی پیشان داوە و دەڵێت:

**بلێنە دەشتی هەولێرێ بە کوڵ بگری ئەوا ڕۆیی        بەرەو بازارەکەی پاییز گوڵێکی دی بە بێ مافی** (2023،ل.5)

لێ خواستراو (گوڵی ڕاستەقینەیە) بۆ خواستراو (مخلص)ی شاعیر، نیشانە (ڕۆیشتن و کۆچ کردنە)، کۆ کەرەوە (نەمان)ـە، لە جۆری ئاشکرایە. هەروەها (دەشتی هەولێرێ)ش خواستنە بۆ (خەڵك)، نیشانەکە (بەکوڵ گریان)ە، کۆکەرەوە(بڵێن)ە. لە دێڕێکی تردا بەندی، دەڵێت:

**شەوی دەیجورە مانگ و ڕۆژ بزر بوون وەعدی تەسلیمە        (سوهیل)وجەمعی ئەستێران دەبەستن کۆڕ لە بۆ وافی (ل.5)**

لێ خواستراو (مانگ و ڕۆژ)ی ڕاستەقینە، بۆ خواستراو (وافی)یە، نیشانە (تەسلیمە)، کۆکەرەوە (بزربوون)ـە لە جۆری خواستنی ئاشکرایە. لە شیعرێکی دیکەیە بەندی، دەڵێت:

**شا گوڵی باغی ئەوینم وێردی ڕۆژ و مە و ساڵ        مایەی ئیلهامی شیعرم هێزی پێرست و خەیاڵ(2023،ل.2)**

لێ خواستراو (گوڵی ڕاستەقینەیە)، بۆ خواستراو (یار)ـە، نیشانە (ئەوین و دڵداری)یە، كۆ كەرەوە (جوانی)یە، لەجۆری خواستنی ئاشكرادایە.

**2-1-3-1-3- خوازە (المجاز):**

ئەمەش هونەرێكی دیكەیە و بریتییە لە (بەكارهێنانی وشەیەك لە ڕستەدا، بۆ گەیاندنی مانایەكی ترو جگە لە مانای دروستی خۆی بەهۆی پەیوەندییەكەوە، كە لە نێوان هەر دوو مانای وشەكەدا هەیە، یان واتاشی هەبێ كە مەبەست لە وشەكە مانا خوازەییەكەیە، نەوەك مانا دروست و ڕاستەقینەكەی)(گەردی،2005،ل.63). واتە وشەیەك بۆ واتای دروستی خۆی بە كار نەهێندرێت، بەڵكو واتا و مەبەستێكی دیكە بگەیەنێت پێی دەوترێت خوازە، وەكو بەندی، دەڵێت:

**كەوتە سەر سەفحەی یەقینم تامی دونیای تفت و تاڵ          زۆر شیرین بوو وەقتی كاڵیم چەندە تاڵە وەقتی حاڵ**(2023،ل.4)

(وەقتی كاڵی خوازراوە، بۆ مانا ڕاستەقینەكەی خۆی بەكارنەهاتووە، بەڵكو بۆ كاتی مێرمنداڵی)بەكارهاتووە، هەروەها وشەی (وەقتی حاڵ) بە هەمان شێوە خوازراوە و بۆ سەردەمی (پیری)بەكارهاتووە، نیشانە زمانیەكە یاخود واتاییەكە جێناوی لكاوی (م) واتە (شاعیر). كەواتە خوازەیە بەپەیوەندی كاتەوە. لە شیعرێكی دیكەدا بەندی، دەڵێت:

**هێندە بێ ئارامە سینەم بۆ دەمێكی دیـدەنـت          ماهی ئاسمانی بەهار و شەوقی گوڵدانم وەرە**(2023.ل.1)

وشەی (ماە)ی ئاسمان خوازراوە و بۆ مانا ڕاستەقینەكەی خۆی بەكارنەهاتووە، بەڵكو بۆ (یار) خوازراوە، نیشانە زمانیەكەی (وەرە)یە، وەكو دەزاندرێت مانگ بە ویستی فەرمانی مرۆڤ نایەت و ناچێت، واتە لە ژێر فەرمانی مرۆڤدا نییە، بۆیە دەبێتە خوازەی ڕەها. پێویستە ئەوە بگوترێت هەموو خواستنێك خوازەیە، بەڵام هەموو خوازەیەك خواستن نییە، تەنیا هەندێكیان نەبێت، ئەگەر پەیوەندییەكە لێكچوواندن بێت، ئەوە دەبێتە خواستن، ئەگەرنا خوازەیە.

**2-1-3-2- جوانكاری (البدیع):**

جوانكاری جۆری دووەمی زانستی ڕەوانبێژییە، گرنگی بەو لایەنە دەدات، كە بەرهەمی ئەدەبی لە مانا و ئاوازەوە، لە قسەی ئاسایی جودا دەكاتەوە. بە شێوەیەكی گشتی لایەنی هونەری و جوانی ئەدەب ڕوون دەكاتەوە، تەنها دوو جۆری هەیە: (جوانكاری وشەیی و جوانكاری واتایی)یە، (مدرس، 19،ل.59-60)، هەر یەك لەم دوو جۆرە كۆمەڵە هونەرێك لە خۆیان دەگرن، لێرەدا ناتواندرێت باس لە هەموو هونەرەكان بكەین، بەڵام بە پێی نموونەكان چەند هونەرێك خراونەتە ڕوو:

**2-1 -3-2-1- ڕەگەزدۆزی (الجناس):**

یەكێكە لە هونەرەكانی جوانكاری وشەیی، بەم شێوەیە پێناسەكراوە: (ڕەگەزدۆزی دوو بەشە، كە لە گۆكردندا یەكسان و جیاوازیشن لە واتا) (هادی،1376،ص140)، لە سەرچاوەیەكی دیكە بەم شێوەیە باس كراوە: (ڕەگەزدۆزی یەكێكی دیكەیە لەو ڕەوشانەی كە لە ئاستی وشەدا، یان ڕستەدا هاوئاهەنگی و مۆسیقا دەهێنێتە كایەوە، یان مۆسیقای ئاخاوتن زیاد دەكات)(شمیسا،1368،ص39). بە پێی ئەم پێناسانە مەبەستەكە ئەوەیە، كە ڕەگەزدۆزی دوو دەربڕینی هاوشێوەی یەكن لە وێنە و گۆكردندا، بەڵام جیاوازن لە واتادا، ئەمەش دوو جۆری هەیە: (ڕەگەزدۆزی تەواو و ڕەگەزدۆزی ناتەواو).

**2-1-3- 2-1- 1- ڕەگەزدۆزی ناتەواو:**

لە ڕووی زمانەوانییەوە پێی دەوترێت هاوبێژی، كە بریتییە (لەو دوو وشەیە یان ئەو وشانەی، كە هاوبێژ دەبن لە یەكێك لەم سێ خاڵە جیاواز دەبن: ژمارەی پیتەكان، جۆری پیتەكان، ریزی پیتەكان)(سالار،2000،ل.140). وەكو بەندی، دەڵێت:

**تاكو تاك و جووتی شیعری پێ بێ بەندی هەر دەڵێ          رووحەكەم بۆ تۆی دەبێژم مەشقی ئەوزانم وەرە** (2023،ل.1)

وشەكانی(تاكو، تاك) ڕەگەزدۆزی ناتەواون لە جۆری زیاد، زیادەكەش كەوتۆتە كۆتایی وشەكەوە، كە پیتی (و)ـە. لە دێڕە شیعرێكی دیكەدا بەندی، دەڵێت:

**لەخەونم قاصیدێ دەیگوت حەبیب و هەم طەبییت دێ          عیلاجم هەر قودومیتی بەبێ وەسفی دەوا بابێ (2023،ل.10)**

وشەكانی (حەبیب ، طەبیب) ڕەگەزدۆزی ناتەواوی دروست كردووە، لە جۆری جودا؛ چونكە جیاوازیان لە جۆری پیتەكانی (ح، ط )دا هەیە، لە سەرەتای وشەكاندا. لە دێڕێكی دیكەدا بەندی، دەڵێت:

**کەمامۆستای هەزاران و هەژاران بووم بەبێ تەقصیر ئەمن لەومەسلەکەبۆچی مەساری پڕشکستەم بوو**(2023،ل.11)

وشەكانی ( هەزاران، هەژاران ) ڕەگەزدۆزی ناتەواوی دروست كردووە، لە جۆری جودا؛ چونكە جیاوازی لە جۆری پیتەكانی (ز ، ژ)دا هەیە، لە سێیەم پیتی وشەكاندا. لێرەدا بە پێویست دەزاندرێت، كە ئاماژە بە ئەوە بكرێت، ئەو چەند شیعرەی لەبەر دەستدایە تەنیا ڕەگەزدۆزی ناتەواویان تیادا بەكارهاتووە، واتە ڕەگەزدۆزی تەواویان تیادا نییە.

### 2-1-3-2-2- تێهەڵكێش (التضمين):

هونەرێكی دیكەی جوانكاری وشەییە و بەندی گرنگی پێداوە، چەندین پێناسەی بۆ كراوە، لەوانە: (تێهەڵكێش ئەوەیە، كە شاعیر دەقێكی ئەدەبی بێ دەستكاری لە ناو شیعری خۆی بەكاربهێنێت، بەمەرجێ دەقەكە بگاتە ڕادەی ڕستەیەكی تەواو)(گەردی،2005،ل.99). واتە شاعیر دێڕە شیعرێك، یان پەندێكی پێشینان، یان هەر دەقێكی دیكە تێهەڵكێشی شیعرەكەی خۆی دەكات، كە لە ڕستەیەك كەمتر نەبێت. باشتر وایە ئاماژە بە خاوەنی دەقەكە بكرێت ئەگەر هەبوو. بەندی شاعیر لە شیعرێكدا پەندێكی پێشینانی تێهەڵكێشی شیعرەكەی كردووە؛ بۆ نموونە بەندی، دەڵێت:

**لە زەرفی عاقڵا زانستە كە بوو ڕاحەت ئەبەد نابێ بە دەستێ مەگرە دوو كاڵەك ئەگەر فەرمووتە هەشیارم** (2023،ل7)

لە نیوە دێڕی دووەمدا پەندێكی كوردی بە كەمێ دەستكارییەوە تێهەڵكێشی شیعرەكەی خۆی كردووە، (بە دەستێ مەگرە دوو كاڵەك)، هیچ ئاماژەی پێ نەكردووە، كە ئەمە پەندێكی پێشینانە، ڕەنگە لەبەر ئەوە بێت، كە خودی پەندەكە زۆر باوە و زۆریش بەكاردەهێندرێت لە ناو خەڵكدا.

### 2-1-3-2-3- هێنانەوە (التصدير):

هێنانەوە هونەرێكی جوانكاری وشەییە و(رد العجز علی الصدر)ە، بەم جۆرە پێناسەی بۆی كراوە: (وشە دووبارە بووەكە، لە كۆتایی نیوە دێڕی دووەمدا هاتبێت و ئەوەی دیكەی لە پێشەوە هاتبێت لەم پێنج شوێنانەدا، سەرەتا، ناوەڕاست، یان كۆتایی نیوە دێڕی یەكەم، یان سەرەتا، یان ناوەندی دێڕی دووەم)(سكاكی، 2011،ص.541).وەك بەندی، دەڵێت:

**حەق ئەگەر ڕاستت دەوێ خۆ حوكمر و تەحقیق نەما هەرچی خاوەن دەسەڵاتە حوكمی بوویتە جەمعی ماڵ** (2023،ل.5)

شاعیر لەم دێڕە شیعرەدا دوو جار وشەی (حوكم)ی بەكارهێناوە لە ناوەڕاستی نیوە دێڕی یەكەم و ناوەڕاستی نیوە دێڕی دووەم، كە هونەری هێنانەوەی پێ دروست كردووە. لە دێڕە شیعرێكی دیكەدا بەندی، دەڵێت:

**سینەكەم هاوینە ڕەنگم وەك خەزانی پاییزی تۆبەسەدە ڕەنگی بەهاری بۆزمستانم وەرە** 2023،ل.1)

لەم دێڕە شیعرەدا شاعیر دووجار وشەی (ڕەنگی)ی بەكارهێناوە، لە ناوەڕاستی نیوە دێڕی یەكەم و دووەم، كە هونەری هێنانەوەكەی پێ دروست كردووە.

### 2-1-3-2-4- پاتكردنەوە (التكرار):

عەزیزگەردی بەم جۆرە پاتكردنەوەی پێناسە كردووە و دەڵێت: ( هۆنەر یان نووسەر، وشەیەك یان ڕستەیەك یان دەستەواژەیەك بێنێ چەند جارێك دووپاتی بكاتەوە، بۆ چەند مەبەستێكی تایبەتی، بەم مەرجەی هەموویان واتایان یەك بێت و لە جارێكەوە بۆ جارێكی تر واتایان نەگۆڕێ، واتە نابێت وشەكان نە لە ڕووواڵەت و نە لە گوزارەدا هیچ گۆڕانیان بەسەردا بێت )(2005،ل.47). واتە وشە دووپاتكراوەكان دەبێت لە تەك یەكەوە بێن. وەكو بەندی، دەڵێت:

**مەجلیسی كەشفی (حقائق) جەلسەیان بەست صەف بە صەف صاحیبی (فتوی) لەوێدا بوونە تاجیر و بەقاڵ** (2023،ل.4)

شاعیر لە كۆتایی نیوە دێڕی یەكەمدا وشەی (صەف بە صەف)ی دووپات كردۆتەوە. ئەم دووپاتكردنەوەیە پاتكردنەوەی دوویی لە جۆری یەك پاتكردنەوە. پاتكردنەوە چەند جۆرێكی هەیە لەوانە: (پات كردنەوەی هاو واتایی)(البستانی،1414، ص.125). كە بەندی لە شیعرەكانیدا بە كاری هێناوە. بۆ نموونە:

**زمان دۆستی گەلێك هەزمانی فێر كردم بە وەلێ نوطقم لە ڕاست گەردوون بە تۆزقاڵ و بە عاستەم پاراوی بوو**

لەم دێڕە شیعرەدا وشەكانی ( بە تۆزقاڵ و بە عاستەم ) پاتكردنەوەی هاو واتایین. لە دێڕە شیعرێكی دیكەشدا دەڵێت:

**ظولمەتی جەهل و نەزانی تاكو دێ ڕەشتر دەبێ میللەتانی بێ وەعیو بێ فەن وا لە قاعی زیللەتن** (2023،ل.3)

لە نیوە دێڕی یەکەمدا، شاعیر وشەکانی ( جەهل و نەزانی ) بەکارهێناوە، کە پاتکردنەوەی هاو واتایین.

**2-1-3-2-5- گێڕانەوە (الترديد):**

گێڕانەوە (بریتییە لە بەکار هێنانی وشەیەك هەر جارێ لە پاڵ وشەیەکی تردا هاتبێت) (اليمنى،2008،ص200) لە سەرچاوەیەکی تردا بەم جۆرە پێناسە کراوە (گێڕانەوە ئەوەیە کە شاعیر وشەیەك دێنێ بە واتایەك دەیبەستێتەوە، دواتر لە هەمان دێڕدا هەمان ووشە دەگێرێتەوە بە واتایەکی تر دەیبەستێتەوە) (عكاوى،2014،ص303). واتە ئەو ووشەیەی کە شاعیر بە کاری دەهێنێ، نابێ لە تەك یەکترییەوە بێن، بەڵکو دەبێت بکەونە پاڵ وشەیەکی دیکەوە. بۆ نموونە بەندی، دەڵێت:

**کەم مەجال و کەم دەمی تۆ کەم قسە و زۆر ئاخ لە دڵ زۆر جوان و زۆر بە شەوق و زۆر بە لوطف و کەم ویصال**(ل2)

شاعیر لە نیو دێڕی یەکەم، سێ جار وشەی (کەم)ی گێڕاوەتەوە و هەر جارێ لە پاڵ وشەیەکی جیاوازی وەك (مەجال، دەمی تۆ، قسە) لە نیوە دێڕی دووەمیشدا، یەکجار وشەی (کەم)ی گێراوەتەوە لە پاڵ ووشەی (ویصال)دایە. هەروەها وشەی (زۆر) لە نیوە دێڕی یەکەم، یەکجار بە کارهاتووە لە پاڵ وشەی (ئاخ لە دڵ)و لە نیوە دێڕی دووەمدا، سێ جارێ گێڕاویەتیەوە لە پاڵ وشەکانی (جوانە، بە شەوق و بە لطف).هەر دوو وشەکە (زۆر ، کەم) ئاوەڵکاری ژمارەیین و بۆ ڕێژە (نسبە) بە کارهاتوون. لە شیعرێکی دیکەدا بەندی، دەڵێت:

**بلێم گوفتاری گەوهەر بوو، نەخێر گەوهەر کەمە هێشتا مرۆڤ بـدوێ لـە ڕاسـتی حەق، دەبێ بدوێ بە ئینصافی**
(ل5)

لە نیوە دێڕی یەکەمدا، وشەی (گەوهەر)ی گێڕاوەتەوە، لە پاڵ وشەکانی (گوفتار، کەمە)دا. لە نیوە دێڕی دووەمیشدا، دووجار وشەی (بدوێ)ی گێڕاوەتەوە لە پاڵ وشەکانی (لە ڕاستی حەق و بە ئینصاف)یدا. ئەم هونەرانەی لەسەرەوە باسکراون، هەموویان دەچنە خانەی جوانکاری وشەییەوە، بەڵام ئەم هونەرانەی خوارەوە دەچنە چوارچێوەی جوانکاری واتاییەوە.

**2-1-3-2-6- دژیەك (تضاد):**

یەکێکە لەو هونەرە جوانکارییە واتاییانەی، کە شاعیران بە شێوەیەکی دیار و بەرچاو بەکاریان هێناوە. سکاکی دەڵێت: (دژیەك ئەوەیە، کە دوو وشەی دژ بە یەك کۆ بکرێتەوە) (2011،ص533). دژیەك دوو جۆری هەیە ( فەرهەنگی و نافەرهەنگی) بەندی شاعیر هەر دوو جۆرەکەی لە شیعرەکانیدا بە کار هێناوە.

**2-1-3-2-6-1- دژیەکی ئەرێ یان فەرهەنگی:**

جۆرێکە لە هونەری دژیەك وبریتییە:( لە دوو ووشەی جیاوازی سەربەخۆی دژیەك، کە لە یەك ڕیشەوە نەهاتبێت (گەردی،2005،ل129). واتە وشەکان جیاواز و سەربەخۆبن و لە ڕووی واتاشەوە پێچەوانەی یەکتربن. وەك بەندی، دەڵێت:

**جەهل و هیمەت دوورە لێك زۆر لەو تەرازووی ژیریيا مـەزرەعـەی خـاڵـی لـە زانـیـن پـڕ لـە دەرد و ئـافـەتـن** (ل3)

وشەکانی(جەهل و زانین)وە(خاڵی و پڕ) دژیەکی فەرهەنگیان دروست کردووە؛ چونکە ڕیشەیان جیاوازە و هەر یەکەیان سەربەخۆن. لە دێڕە شیعرێکی دیکەدا دەڵێت:

**دەی زووبە بڕۆ چوست بکە هەنگاوی شلت چیت داوە لە باغی گوڵ و هـەر بـولـبـولـەوە**(2023،ل7)

وشەکانی (چوست و شل) دژیەکی فەرهەنگیان دروستکردووە؛ ڕیشەیان جیاوازە. هەر یەکەیان سەربەخۆن، چونکە یەك ڕیشە نین. لە شیعرێکی دیکەدا بەندی، دەڵێت:

**هەر بە یادی ڕۆژی ڕوونم ڕووبەڕووی شەو تا سەحەر ناخەوم با لەو بەشی من خەو بچێ بۆ بێ غەمان**(2023،ل8)

لە نیوە دێڕی یەکەمدا، وشەکانی (ڕۆژ، شەو) دژیەکی فەرهەنگیان دروستکردووە. هەر یەکەیان سەربەخۆن و ڕیشەیان وەك یەك نییە.

**2-1-3-2-6-2- دژیەکی نەرێ، یان نافەرهەنگی:**

ئەمەشیان جۆرەکەی دیکەی هونەری دژیەکە و بریتییە: (لەوەی کە دوو وشەکان بە نەفی یان نەهی، بووبن بە دژ، واتە یەك وشە بێ پاشان نەفی یان نەهی کرابێ)(گەردی،2005،ل129). واتە لە بنجدا یەك ووشە بن، بەڵام بەهۆی ئامرازەکانی نەرێ (نە، نا، مە، بێ ....تاد) بووبن بە دژیەك، وەکو بەندی، دەڵێت:

**لە غەیری شیعر و شاری چۆل و هەم شەوگاری تاریکم ئەنیسێکم نەبوو بۆیێ ژیانم پڕ لەئەستەم بوو**(2023،ل.11)

وشەکانی (نەبوو، بوو) لە بنەڕەتدا یەك وشەن، بەڵام بە هۆی ئامرازی (نە)وە، بوونەتە دژیەکی نەرێ، یان نافەرهەنگی. لە شیعرێکی دیکەدا بەندی، دەڵێت:

**ێیکە بۆ من ژین و مردن چونکە دیلیم هاتە رێ هەرکەسێ وەك تۆبێ بەندی لای یەکە مان و نەمان(2023،ل.8)**

لە نیوە دێری دووەمدا، وشەکانی ( مان و نەمان) بەهۆی ئامرازی (نە)ی نەرێ، دژیەکی نافەرهەنگیان دروستکردووە. لە نیوە دێڕی یەکەمیشدا، وشەکانی (ژین و مردن) دژیەکی فەرهەنگی، یان ئەرێ یان دروستکردووە، چونکە ریشەیان جیاوازە و هەر یەکەیان سەربەخۆن.

### 2-1-3-2-7- کۆکردنەوە (الجمع):

یەکێکە لە هونەرەکانی جوانکاری واتایی، بەم شێوەیە پێناسە کراوە: ( هونەری کۆکردنەوە ئەوەیە، کە چەند شتێك لە ژێر یەك بڕیاردا کۆ بکاتەوە، یان ئەوەیە قسەکەر دوو شت یان زیاتر لە ژێر یەك بڕیاردا کۆ بکاتەوە)(عتیق،1985،ص155). بەندی بە شێوەیەکی فراوان ئەم هونەرەی لە شیعرەکانیدا بەکارهێناوە لەم چەند دەقە شیعریەی لەبەر دەستماندایە ئاماژە بەوە دەکات، کە ئەم هونەرە وەکو هەموو هونەرەکانی دیکە، لە شیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە، بۆ نموونە لە شیعرێکدا دەڵێت:

**سەیری مێژووکە لە کۆن و نوێوە بۆ کورد هەر دەڵێ قەومی پڕ ئینصاف و ئازا و مەرد و خاوەن هیمەتن**

شاعیر لە نیوە دێڕی دووەمدا، کۆمەڵێك وەسفی کۆ کردۆتەوە، وەکو( پڕ ئینصاف، ئازا، مەرد و خاوەن هیممەتن) لە ژێر بڕیاری ئەوەی کە سەیری مێژووی کۆن و نوێ بکات، کە بەم جۆرە باسی کورد دەکات، ئەم جۆرە کۆکردنەوەی چواری پێ دەوترێت، چونکە چوار شتی لە ژێر یەك بڕیاردا کۆکردۆتەوە. لە دێڕێکی دیکەدا بەندی، دەڵێت:

**گەرچی بۆ خەڵکی بە خولق و زۆر ئەمین و بێ غەشن سەد حەیف ئەمما لەگەڵ یەك دائیما لار و شەتن**(2023،ل.3)

لە نیوە دێڕی یەکەمدا، شاعیر سێ وشەی وەسفی کۆکردۆتەوە، وەکو وشەکانی (بە خولق و زۆر ئەمین و بێ غەشن) بۆ کورد بەرانبەر خەڵك و نەتەوەی دیکە، بەڵام خۆبەخۆیی لەگەڵ یەکتری ساغ نین. لە شیعرێکی دیکەدا بەندی، دەڵێت:

**گوڵ و نەسرین و هەم شەوبۆ دەکەن شینێ لەگەڵ شەونم دەلین تاریکی خاکی غەم لەسەر ڕۆژ لێدەدا لافی**

لەم دێڕە شیعرەدا شاعیر، وێنەیەکی جیاواز و داهێنەرانەی کێشاوە، لەگەڵ ئەوەشدا گوڵە (نەسرین و شەوبۆ لەگەڵ شەونم)ی کۆکردۆتەوە لە ژێر بڕیاری شیوەن کردن. ئەم جۆرە کۆکردنەوەی سیانی پێ دەوترێت. لە نیوە دێڕی دووەمدا هونەری دژیەکیشی تیادایە. لە دێرە شیعرێکی دیکەدا بەندی، دەڵێت:

**بلێنە سالم و نالی خەلیلی خاکی هەولێر هات هەزارانی وەکو بەندی کز و بەندن لە ئەطرافی**(2023،ل.5)

لە نیوە دێڕی یەکەمدا، هەر سێ شاعیری کوردی (نالی و سالم و مەلا خلیل)ی کۆکردۆتەوە لە ژێر فەرمانی (بلێن)دا، بە مەبەستی خەبەردان و پێ ڕاگەیاندن بە نالی و سالم، کە مەلا خەلیلی شاعیر وەفاتی کردووە، ئەویش دێت بۆ لاتان. لە دێرە شیعرێکی دیکەدا بەندی، دەڵێت:

**فەن و زانست و مەعاریف سەد کەرت پێشێل کران سەر بە بێ (ابداع)وهۆش بێ هیچە هەروەك زرکەتاڵ** (ل.4)

شاعیر وشەکانی(فەن، زانست، مەعریفە)ی لە ژێر فەرمانی پێشێل کردن کۆکردۆتەوە. لە شیعرێکی دیکەدا بەندی دەڵێت:

**کز و مات و زەبون و لاشە سست و عاجز و خەستەم ئەوەی گوێڕایەڵی زارم نەبێ نازانێ ئازارم** (2023،ل6)

لەنیوە دێڕی یەکەمدا، شاعیر شەش وەسفی خودی خۆی(کز، مات، زەبوون، سست، عاجزوخەستە)ی کۆکردۆتەوە، لەژێر فەرمانی گوێگرتندا. ئەم جۆرەش کۆکردنەوەی شەشی پێ دەوترێت.

**2-1-3-2-8- لۆمەكردن(عتاب):**

شاعیر ئەم هونەرەی بۆپیشاندانی ڕووی ڕاستەقینەی شتەكان بەكارهێناوە، دەستی خستۆتە سەر كەم و كورتیەكان، ئەم هونەرە بریتیە لە(لۆمەكردنی هەركەس و شتێك، كە لەدەوروبەری نزیك یان دووری شاعیرن و بەهۆیەك لەهۆیەكان بەڕەوای دەزانێ لۆمەیان بكات، ئەمەش شێوازێكی دەربڕینی جوانە، لە كۆنەوە خەڵك بەگشتی و ئودەباش لە بەرهەمە ئەدەبیەكانیان بە شێوەیەكی تایبەت، سودیان لێ وەرگرتووە)(عەبدوڵڵا، 2013،ل113). بۆنموونە بەندی، لەشیعرێكدا دەڵێت:

**داخەكەم چونكی بەدائیم لابەلاو پەرتە بوون بۆیێ ئێستێ چەند بە سانا لێك و پێك و لەت لەتن** (2023،ل.3)

شاعیر لۆمەی نەتەوەكەی خۆی دەكات و داخ لە دڵە لێیان، چونكە دەڵێت بەردەوام لەگەڵ یەكتری ناسازێن و پەرتەوازە و یەكگرتوونین، بۆیە لە ئێستادا بەئاسانی پارچە پارچەكراو و بەش بەشن. لەشیعرێكی دیكەدا دەڵێت:

**حەق ئەگەر ڕاستت دەوێ خۆ حوكم و تەحقیق نەما هەرچی خاوەن دەسەڵاتە حوكمی بوویتە جەمعی ماڵ** (ل4)

لەم دێڕە شیعرەدا بەندی لۆمەی دەسەڵات داران دەكات، بەوەی كە تەنیا خەریكی كۆكردنەوەی سەروەت و سامانن، دەسەڵاتەكەیان بۆ گەندەڵی بەكاردێنن، نەك بۆ چەسپاندنی یاساو لێكۆڵینەوە لە نادادی و پاشا گەردانی.

**2-1-3-2-9- پێچەو پەخشە(اللف و النشر):**

پێچان و كردنەوەشی پێ دەگوترێت، لەپێناسەیەكدا هاتووە(پێچە و پەخشان ئەوەیە، كە لە سەرەتادا دوو یان چەند وشەیەك لە لایەك لە نیوە دێڕی یەكەم دەهێندرێت و پاشان لە لاكەی دیكە، یان لە نیو دێڕی دووەم ئەو وشانە دەهێنرێن، كە پەیوەندی نزیك، یان وابەستە بوونیان هەیە، بەم دوو یان چەند وشەیەی، كە لە نیوە دێڕی یەكەمدا هاتووە)(محمدی،1390،ل162). ئەم هونەرەش دوو جۆرە: پێچە و پەخشەی ڕێك و پێچە و پەخشەی نارێك. لەم چەند شیعرەی لە بەردەست دایە بەندی پێچە و پەخشی نارێكی بەكارهێناوە، پێچە و پەخشی نارێك بریتیە لە ( هێنانەوەی چەند شتێك لە سەرەتادا، پاشان بۆ هەر یەكە لە شتەكانی پێشوو شتێكی دیكە بڵێین، بەڵام بە شێوەیەكی نارێك و تێكەڵ)(عباس،2004،ص297).وەك بەندی، دەڵێت:

**خاوەنی كەنزی (تبسم) نەونیهال ئەبرۆ كەمان باز و مار و عەقرەبن ئەو زولفی لوول و چاوی كاڵ** (ل.2)

لەم دێڕە شیعرە بەندی لە نیوەی بەشی یەكەمی دێڕی دووەمدا (ئیبتدا)، وشەی (باز، مار)ی هێناوە، دواتر لە نیوەی بەشی دووەمدا (زەرب) وشەكانی (زولفی لوول، چاوی كاڵ)ی هێناوەتەوە بەرامبەر وشەی (باز) كە پێچەكەیە و وشەی (چاوی كاڵ)ی هێناوە كە پێچەكەی كردۆتەوە، بەرامبەر وشەی (مار) پێچەكەیە، وشەی (زولفی لوول)ی هێناوە پێچەكەی پێ كردۆتەوە. بەمەش پێچە و پەخشی نارێكی دروستكردووە.

**2-1-3-2-10- بادانەوە:**

سەبارەت بەهونەری بادانەوە، (ابوهلال العسكری) دەڵێت: (بادانەوە ئەوەیە كە شتێك بلێن و دواتر لێی پاشگەز ببیتەوە)(1986،ص411). شاعیر، دەڵێت:

**بلێم گوفتاری گەوهەر بوو، نەخێر گەوهەر كەمە هێشتا مرۆڤ بدوێ لە ڕاستی حەق، دەبێ بدوێ بە ئینصافی** (ل.5)

لەنیوە دێڕی یەكەمدا شاعیر بۆچوونی خۆی سەبارەت بە گوفتاری (مخلص)ی شاعیر دەردەبڕێت و پێی وایە: گوفتاری (مخلص)ی شاعیر گەوهەر بووە، بەڵام دواتر بادەداتەوە و دەڵێت: نەخێر گەوهەر كەمە بۆ گوفتاری موخلص شاعیر. لەشیعرێكی تردا بەندی، دەڵێت:

**تاڵی چەند ساڵی تەمەن با طەی بێ بەوشەهدی ویصال چونكە فیرقەت دەردی دڵ بوو دەردو دەرمانم وەرە** (ل.1)

لە نیوە دێڕی دووەمدا شاعیر دووری و دابڕانی یارەكەی بەدەردی دڵی خۆی زانیوە، بەڵام دواتر پەشیمان دەبێتەوە و دەڵێ ئەگەر دەردی لەهەمانكاتدا دەرمانیشی، بۆیە داوای لێ دەكات بچێتەلای.

**2-1-3-3- واتاناسی:**

بەشێکە لە سێ بەشە سەرەکییەکەی زانستی ڕەوانبێژی، ئەم زانستە لە پەیوەندی وشە و ڕستە دەکۆڵێتەوە، مەبەستەکانی قسەکەر ڕوون دەکاتەوە و مەیدانێکی فراوانی هەیە، لێرەدا هەندێك لە بابەتەکانی بە پێی نموونەی شیعرەکانی بەندی خراونەتە ڕوو. قسە بە گشتی دوو شێوازی دەربڕینی هەیە:

**أ. خەبەر:** ئەوەیە کە خودی قسەکە ڕاستی یان چەوتی هەڵدەگرێ.

**ب. ئینشائی:** ئەوەیە قسەکە ڕاستە یان چەوتی هەڵناگرێ . (گەردی،2005،ل.158)

**أ.** خەبەری: لە بنەڕەتدا بۆ گەیاندنی زانیارییەك دەگوترێت، کە ڕاستی و چەوتی هەڵدەگرێت، بۆ نموونە بەندی، دەڵێت:

**دەڵێ (بەندی) مەحاڵە قەت بکەم مەیلی دڵێکی دی لە بارمتەی دڵی خۆشم لە ئەووەل ڕۆژ قەرزدارم**(2023،ل.6)

شاعیر لە نیوە دێری یەکەمدا، دوو وشەی جەختی کردنی هێناوەتەوە، ئەویش وشەکانی (مەحالە، قەت)ن بۆ ئەوەی دوو دڵی و گومان نەهێڵێ و جەخت و پێداگیری دەکات، لەسەر ئەوەی کە جارێکی دیکە مەیلی دڵێکی دیکە ناکات. بەم جۆرە خەبەرەش دەڵێن(خەبەری نکوڵی). لە شیعرێکی دیکەدا بەندی، دەڵێت:

**بلێنە دەشتی هەولێریٚ بە کوڵ بگری ئەوا ڕۆیی بەرەو بازارەکەی پاییز گوڵێکی دی بە بێ مافی**(2023،ل.5)

لەم دێرە شێعرەدا بەندی باسی وەفاتی (مخلص)ی شاعیر دەکات و دەڵێت: خەبەر ببەن بۆ خەڵکی دەشتی هەولێرێ شیوەن بگێرن،چونکە مەلا خلیلی دووسەرە کۆچی دوایی کردووە، بێ حەق و ماف سەری نایەوە. ئەم جۆرە خەبەرە بێ جەخت کردنەوەیە و پێی دەڵێن (خەبەری ساکار).

ب.ئینشائی:ئەمەیان (ڕاستی و چەوتی هەلناگرێت و دەکرێت بە دوو جۆر: داخوازی، ناداخوازی)(گەردی،2005،ل173).

**2-1-3-3-1- داخوازی:** ئەمەش چەند جۆرێك دەگرێتەوە:

**2-1-3-3-1-1- فەرمان (أمر):**

**کە زامداری موژەی یارە دڵ و هەم پەردەی سەر دڵ بلێـنەمـطـرب و نـەی ژەن دەسا نـای و نـەوا با بێ**(ل.10)

وشەی (بلێنە، بابێ) فەرمانی داخوازییە. لە دێرە شیعرێکی دیکەدا بەندی، دەڵێت:

**هۆی جەهلە کە تۆ ناگەیە ئاواتی دڵت دیواری ڕووخاوت بە عیلم ڕاست بکەوە**

وشەی (بکەوە) فەرمانی داخوازیە. پاشان دەڵێت:

**بڕوانە زەمین ئاسـن و پـۆڵا ومسـی ئەو گەنجە لە ژێر تۆز خەراباتی ئەوە**(2023،ل.7)

وشەی (بڕوانە) فەرمانی داخوزایە، جگە لەمە هونەری کۆ کردنەوەشی تێدایە.

لەم چەند شیعرەی کە لەبەر دەستدایە، نموونەی زۆر زیاتر بەدی دەکرێت، بەڵام بەم چەند نموونەیە کۆتاییمان پێ هێناوە.

**2-1-3-3-1-2- پرسیار کردن (استفهام):**

**جوز خودا کەس ناشنەوێ حالم لە (انس) و هەم لە (جان) بەندی یاکێ بۆت دەنوسێ غەیری خۆت ئەوعەرضی حال**
(ل.2)

لە نیوە دێری دووەمدا، شاعیر نیشانەی (کێ)ی بە کار هێناوە بۆ پرسیار کردن. لە دێڕێکی دیکەدا بەندی، دەڵێت:

**کە کۆنەی خەڵـکیە ئەم چەرخە پڕ ئـافـاتـە بـۆ چـیـمـە لەبەرچی پەشمی بێ بایەخ بە شان ودۆشی خۆم دادەم**(ل.12)

لەم دێڕەدا شاعیر،وشەکانی(بۆچیمە، لەبەرچی)بەکارهێناوە بۆ پرسیارکردن، لە بنەڕەتدا نیشانەی پرسیارکردنی (چی) یە.

**2-1-3-3-1-3- نەرێ (نفی):**

**بەراتی دەردی هیجـرانە بەڵایی دووکەڵی سینەم مەکەن مەنعی سەدای کاروان بلێنە پێشەوا با بێ(2023،ل.10)**

وشەی (مەکەن) لە نیوە دێری دووەمدا ووشەی نەرێیە. لە شیعرێکی دیکەدا بەندی، دەڵێت:

**عیلمێ بێ کەوا دەردی دڵت لا ببەرێ چیدی بە دوای بابەتی عەنقا مەکەوە**(2023،ل.7)

وشەی (مەکەوە) لە کۆتایی نیوە دێری دووەمدا نەرێیە .

### 2-1-3-3-2- ناداخوازی:

ئەمەش چەند جۆرێكە بە پێی نموونە شیعرییەكانی بەندی خراونەتە ڕوو:

### 2-1-3-3-2-1- بانگكردن:

**ئەی كوردە وەرە وشكە گرێی خۆت بكەوە** **چەند چەرخە كە داماوی لە نێو ماتەمەوە** (2023،ل.7)

وشەی (ئەی كورد) بۆ بانگكردن بەكار دێت. وشەی (بكەوە) فەرمانی داخوازییە. لە شیعرێكی دیكەدا بەندی، دەڵێت :

**ڕایەكێنی ئەو كراس و كورتەكەی پڕ ڕشك و قێچ** **پێم بڵێ ئەی پیسی چڵكن نێیە سەیرانگاكەمان (ل.8)**

وشەی (ئەی) لە سەرەتای نیوە دێڕی دووەم بۆ بانگكردن بەكارهاتووە.

### 2-1-4- كێشی شیعری (الوزن الشعری):

شاعیرانمان لە كۆنەوە دوو جۆرە كێشیان بەكارهێناوە، ئەویش كێشی خۆماڵی و كێشی عەرووزی عەرەبیە، سەبارەت بە شیعری كوردی كێشی خۆماڵی كۆنترە و شاعیرانمان پێش هاتنی ئاینی ئیسلام شیعرەكانیان لەسەر كێشی خۆماڵی هۆنیوەتەوە، بەڵام دوای موسڵمان بوونی كورد كێشی عەرووزی هاتۆتە ناو شیعری كوردی بە تایبەتی شیعری شاعیرانی كلاسیكی كورد، كێشی عەروزی جێگەی بە كێشی نەتەوەیی لەق كردۆتەوە و دەستی لە كێشی خۆماڵی ستاندووە. (بیمار،1987،ل.168). كەواتە شیعری كوردی لەسەر هەر دوو جۆرە كێش هۆنراوەتەوە، بەندی شاعیریش وەكو زۆربەی شاعیرانی دیكە هەر دوو جۆرە كێشەكەی بەكارهێناوە، بەڵام زیاتر كێشی عەرووزی بەكارهێناوە، چونكە ئەم چەند شیعرەی كە لەبەر دەستدان هەموویان لەسەر كێشی عەروزین تەنیا چەند دانەیەك لەم شیعرانە نەبێت لەسەر كێشی خۆماڵی هۆنراونەتەوە، ئەم كێشە عەرووزیانەی بەندی بە كاری هێناون لەم چەند شیعرەدا ئەوا لەسەر دوو دەریای سەرەكین كە (هەزەج و ڕەمەل)ن، لە خوارەوە نموونە بۆ هەر دوو دەریاكە هێندراوەتەوە:

### 2-1-4-1- كێشی هەزەج:

ئەم كێشە بە پلەی یەك لە شیعری كلاسیكی كوردیدا بەكارهاتووە و زۆر بڵاوە، سەرەتای بازنەی سێیەم بەم كێشە دەست پێ دەكات، لە كوردیدا بە چوارپێ(تفعیلە) بەكاردێت. (مفاعیلن- مفاعیلن- مفاعیلن- مفاعیلن×2) (گەردی،2014،ل.64). كەواتە ئەم دەریایە لە لای شاعیرانی كلاسیكی كوردییەوە زۆر بەكارهاتووە و بەندی شاعیریش هاوشێوەی شاعیرانی پێش خۆی ئەم كێشەی بە كارهێناوە و شیعرەكانی لەسەر هۆنیوەتەوە، بۆ نموونە:

### 2-1-4-1-1- كێشی هەزەجی هەشت هەنگاوی تەواو (سالم):

ئەم قالبە هەمووی سی و دوو بڕگەیە دابەش دوو دەبێتە شانزە(32÷2=16). كە (4+4+4+4)و دەوەستێت و دوو عەروزی هەیە:(تەواو- - سالم وەكو زەربەكەی و موسەببەغ (مفاعیلان)(گەردی،2014،ل.81) بۆ نموونە بەندی، دەڵێت:

**لە جام و بەزمی بێ هەستان جودایە من مەی و بادەم** **دەبێ دائیـم دڵـی زارم لـە داوی كـۆڕی وان لادەم**

**لە/جا/م و/بەز//می/ بێ/هەس/تان//جو/دا/یە/من//مە/ی و/با/ دەم** **دە/بێ/دا/ ئیم// د/ڵی/ زا/ رم// لە/ دا/ وی/كۆ// ڕی/ وان/ لا/ دەم**

**u___  u___  u___  u___** **u___  u___  u___  u___**

**مفاعیلن // مفاعیلن // مفاعیلن// مفاعیلن** **مفاعیلن // مفاعیلن // مفاعیلن // مفاعیلن**

لێرەدا عەرووزو زەرب هەردووكیان تەواو_ _ سالمن، لەم قالبەی كێشی هەزەج دا، زەرب هەردەبێ تەواو_ _ سالم بێت، بەڵام عەرووز ئاساییە دەشێ موسەببەغ بێت، هەروەكو دەشێ سالم بێت. لە شیعرێكی دیكەدا بەندی، دەڵێت:

**هـەتـا پـەنـجـەی قـەدەرنـەیدا لـەگـوڵـدانی دڵـی وافـی** **لە ئەم چەرخە نەبوو هیچ كەس وەكو مخلص لە دڵ صافی**

**هە/ تا/ پەن/جەی// قە/ دە/نەی/ دا// لە/گوڵ/ دا/نی// د/ڵی/وا/فی** **لە/ئەم/چەر/خە/نە/بوو/هیچ/كەس//وە/كو/مخ/لص/لە/دڵ/صا /فی**

**u___  u___  u___  u___** **u___  u___  u___  u___**

**مفاعیلن // مفاعیلن // مفاعیلن // مفاعیلن** **مفاعیلن // مفاعیلن // مفاعیلن // مفاعیلن**

### 2-1-4-2- كێشی ڕەمەل(الرمل):

شاعیرانی كلاسیك ئەم كێشەیان زۆر بەكارهێناوە،(لەبازنەی سێیەم دایەو پێیەكانی(تفعیلە)كانی، لەناو بازنەی خۆی دایەو لەعەرەبیدا سێ تفعیلەی وەكو یەكی هەیە،(فاعلاتن _ فاعلاتن_ فاعلاتن)×2. ئەم دەریایە لە كوردیدا بە چوار(تفعیلە) پێ

هاتووە،(فاعلاتن_ فاعلاتن_ فاعلاتن_ فاعلاتن)×2 (گەردی،2022،ل.34). بەپێی ئەم چەند دەقە شیعرییەی بەردەستمان بەندی شاعیرتەنیا یەك قالبی كێشی ڕەمەڵی بەكارهێناوە. بۆنموونە:

### 2-1-4-2-1- كێشی ڕەمەڵی هەشت هەنگاویی مەحزووف:

(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن)×2

ئەم كێشە دوو عەرووزی هەیە(فاعلن، فاعلان)(گەردی،2022، ل.36).

**شاخەكانت قیبلەگاهن باغەكانت جەننەتن**

شا/خە/كا/ نت // قیب/لە/گا/هن // با/غە/كا/نت // جەن/نە/تن

_ u _ _ // _ u _ _ // _ u _ _ // _ u _

فاعلاتن // فاعلاتن // فاعلاتن // فاعلن

**عەدن و فیردەوسی زەمینن بێ شەبیە و بابەتن**

عەد/ن و/ فیر/دەو//سی/ زە/می/نن// بێ /شە/ بی/ ە و// با/بە/تن

_ u _ _ // _ u _ _ // _ u _ _ // _ u _

فاعلاتن // فاعلاتن // فاعلاتن // فاعلن

لەشیعرێكی دیكەدا شاعیر دەڵێت:

**دوودی ئاهی سینەكەم وا گەییە تاقی ئاسمان**

دوو/دی/ئا/هی// سی/نە/كەم/ وا // گەی/ یە/تا/قی // ئا/ س/ مان

_ u _ _ // _ u _ _ // _ u _ _ // _ u _

فاعلاتن // فاعلاتن // فاعلاتن // فاعلان

**كونجی زیندانم بەزەوقە پڕ لەقەومی هەم زمان**

كون/جی/ زین/ دا//نم/ بە/ زەو/ قە//پڕ/ لە/ قەو/می/هەم/ ز/مان

_ u _ _ // _ u _ _ // _ u _ _ // _ u _

فاعلاتن // فاعلاتن // فاعلاتن // فاعلان

كەواتە بەندی شاعیر هەردوو عەرووزەكەی بەكارهێناوە.

### 2-1-5- سەروای شیعری(قافیە):

سەروا پەیوەندیەكی پتەوی لەگەڵ شیعردا هەیە، بنەڕەتێكە لەبنەڕەتەكانی شیعرو یەكێكە لەپێویستیەكانی شیعری كلاسیك. یەكێك لەو پێناسانەی بۆ سەروا كراوە، بریتییە لە دووبارەبوونەوەی دەنگێك، یان چەند دەنگ و وشەیەك، لەكۆتایی لەت، یان دێڕە شیعردا.(گەردی،2016،ل.106). لە پێناسەیەكی دیكەدا هاتووە،(سەروائەو پیتەیە، كە هۆنراوەی لەسەر بینا دەنرێ و ئەوەیە كە پێی دەوترێت ڕەوی)(گەردی،2016ول.107). لە كوردیدا سەروا لەئاستی وشەدا سێ شت دەگرێتەوە:( وشەی سەروا، پێش سەروا و پاش سەروا). پێش سەرواو پاش سەروا مەرج نییە لەهەموو هۆنراوەیەكدا هەبن، ئەگەرهەبن وەكو خۆیان وبەبێ گۆڕان دووبارە دەبنەوە، بەڵام وشەی سەروا هەردەبێ هەبێت،لەجارێك بۆ جارێكی دیكە دەگۆڕێت، تەنها دەنگە هاوبەشەكانی كۆتایی وەكو خۆیان دەمێنن(گەردی،2016،ل.108). بەندی لەم چەند شیعرەیدا ئەلف و بێی كوردی بەچەند شێوە بەكارهێناوە، پاش سەرواشی هەیەو وشەكانی كوردین. لەچەند شیعرێكدا وشەی سەرواكانی لە زمانی كوردی وعەرەبی و فارسی پێكهاتووە. بەپێی ئەم چەند دەقەشیعرییەی كەلەبەر دەستدان سەروای شیعرەكان دەخەینەڕوو:

### 2-1-5-1-سەروای غەزەل:

غەزەل قالبێكە لەقالبەشیعریەكان، وەكو قەسیدە سەرواكەی یەكگرتووە، مەرجی ئەوەیە كە سەروای دێڕیەكەم و نیوە دێڕی دووەمی هەموو دێڕەكانی دیكە دەبێت یەك سەروایان هەبێت،(خەزنەدار،2010،ل.142) بۆنموونە بەندی، لەغەزەلێكدا دەڵێت:

**دەخیل سووتام بەداغی لۆمەیی خۆیی و كەس و كارم — ئەگەر صاحب دڵانی خەڵك لە دادم بێنە هاوارم**

**لەنێو خەڵنەی فراوانی شەوی تەنهایی، دڵ بڕژاو — قەتاری ئاگری دووری بە دەنگ دێنێ نەی و تارم**

**كزو مات و زەبوون و لاشە سست و عاجزو خەستەم — ئەوەی گوێ ڕایەڵی زارم نەبێ، نازانێ ئازارم**

**پەڵاش و پووشی عومرم وا بەرەو پاییز دەچێ گەرچی — دڵی بێ ئاگەهەم دەعوادەكا گوڵزاری ئادارم**

**دەڵێ (بەندی) مەحاڵە قەت بكەم مەیلی دڵێكی دی — لەبارمتەی دڵی خۆشم لە ئەووەل ڕۆژ قەرزدارم**(2023،ل.6)

وشەكانی سەروا لەم غەزەلەدا ئەمانەن:(كارم،هاوارم، تارم، ئازارم، ئادارم، هەشیارم، بێزارم، قەرزدارم).سەروای دێڕی یەكەم(موسەڕڕەع)ەو سەروای نیوەدێڕەكانی تر بەهەمان سەروای دێڕی یەكەم هاتوون. ئەم دەنگانەی سەرواكەیان دروست

کردووە(ا،ر،م)ن، دەنگی(ر)ڕەوییەو دەنگی(ا)پێش ڕەوییەو دەنگی(م)پاش ڕەوییە.لەهەموو دێڕەکانی تری شیعرەکەدا بەم شێوەیەیە. هەموغەزەلەکانی تری بەم شێوەیەن، بەڵام درێژە پێدانی بەپێویست نازانین.

### 2-1-5-2- سەرواى پێنج خشتەکی:

پێنج خشتەکی هونەرێکی بەربڵاوی شیعری کلاسیکی کوردییە، لەچەند بەندێك پێکدێت وهەربەندێکیش لەپێنج نیوە دێڕپێکدێت. شاعیرێك شیعری شاعیرێکی تری بەدڵ بێت یان کاری تێکردبێت، لەگەڵ شیعرێکی خۆی تێکەڵی دەکات بەم شێوەیە: دێڕی یەکەمی شیعری شاعیرەکە وەردەگرێت، سێ نیوە دێڕی خۆی لەپێش دادەنێت، لەسەر هەمان کێش و سەروا(گەردی،1975،ل.55).سەرواکەی بەم شێوەیە دەبێت: پێنج خشتەکی (بەندی) لەسەر غەزەلێکی (نووری)شاعیر:

**بۆنزاعی کوفرو نوورت لێرەبەر یا بێمەوێ** A
**زولف و ئەگریجت لەڕووتا بوون بەدوژمن وەك هەوێ** A
**ئەودڵەی مائیل بەنوورە چۆن بەبێ ئەو دەسرەوێ** A
**زولفی داوداوت نیقابە لادەنەختێ لاکەوێ** A
**قورصی شەمسی کوڵمەکەت جانا بڵابا دەرکەوێ** A

وشەکانی سەروا لەسێ نیوە دێڕی یەکەمدا، کە هی(بەندی)یە، ئەمانەن:(بێمەوێ، هەوێ، دەسرەوێ)، لەدوونیوەدێڕی چوارەم و پێنجەمداکە هی(نووری)شاعیرە، ئەمانەن:(لاکەوێ، دەرکەوێ)ن. ئەوەی لەم پێنج خشتەکیەدا تێبینی دەکرێت، ئەوەیەکە پێنج خشتەکی یەکەم هەموونیوە دێڕەکان یەك سەروایان هەیە، بەڵام لەپێنج خشتەکیەکانی تردا واتە کۆپلەکانی دیکە، تەنیا نیوەدێڕی کۆتایی سەرواکەی وەکو سەروای کۆپلەی یەکەم وایە، ئەگەرنا سەروای نیوە دێڕەکانی دیکە جیاوازن، بەم شێوەیەی خوارەوە:

**تیری تۆبوو زامی خستە سینەوو چاوانەوە** B
**خوێنە سەیلی هەردوو دیدەمر من لەجێی گریانەوە** B
**بێ گوناهم بۆ بناڵم بەو دڵەی پڕژانەوە** B
**عیشقی تۆکردییە مەجنوون کەوتمە کێوانەوە** B
**والەڕووی لەیلایەکەی خۆمر من ئەخوێنم وەك کەوێ** A (نوری،1987،ل.34)

سێ نیوە دێڕی سەرەوە وشەی سەرواکانیان (چاوانەوە، گریانەوە، پڕژانەوە)ن، کە هی بەندی شاعیرە، لەگەڵ نیوەدێڕی چوارەمی شیعرەکەی(نووری) شاعیریەك سەروایان هەیە، کە وشەی(کێوانەوە)یە، بەڵام نیوەدێڕی پێنجەم سەرواکەی وەکو سەروای کۆپلەی یەکەمی پێنج خشتەکیەکە وایە. کەواتە ئەوشیعرەی کە دەکرێتە پێنج خشتەکی غەزەلە، یان قەسیدەیە.

### 3-1-5-2-سەرواى مەسنەوی یا( مزدوج):

ئەم سەروایە کەهەردێڕێك سەروای تایبەتی خۆی هەیە، لەنێوان سەدرو عەجزدا. پەیوەندی بەسەروای دێڕەکانی ترەوە نییە. (گەردی،2016،ل.112). واتە سەروای بەیتەکان لەیەکتریەوە جیاوازن، بۆنموونە بەندی، لە شیعرێکدا دەڵێت:

**ڕەنگین بوو باغ و گوڵزاری هەستم** **نەخشین بوو گۆزەو بادەیی دەستم**
**چەمەنی ئەوسام وەنەوشەو گوڵ بوو** **وەرزی زستانیش بەهاری دڵ بوو** (2023،ل.13)

سەروای بەیتی یەکەم لە وشەکانی(هەستم، دەستم)پێکهاتووە، وشەی سەروای بەیتی دووەم لە وشەکانی(گوڵ بوو، دڵ بوو)پێکهاتووە، (بوو) دەبێتە پاش سەروا. بەم شێوەیە تا کۆتایی شیعرەکە سەرواکان لەیەك جیاوازن. جووت سەروا(مثنوی) زیاتر شیعری درێژی پێ دەهۆندرێتەوە.

### 4-1-5-2-سەرواى هاوئاواز:

ئەم جۆرە سەروایە بریتیە لەوەی کە (وشەکانی هاوئاواز بن، واتە هەموو وشەکان بزوێنەکانی بەرانبەر یەکیان وەکو یەك بێت (گەردی،2016،ل.113)بۆنموونە بەندی شاعیر لەم غەزەلەیدا بەم جۆرە بەکاری هێناوە:

**لەجام و بەزمی بێ هەستان جودایە من مەی و بادەم** **دەبێ دائیم دڵی زارم لە داوی کۆڕی وان لادەم**
**مەی و بادەی خەیاڵی من گەزەنگی شوعلەیی عیشقە** **کەژەنگی دڵ بماڵێنێ لەنێو ئەم سینە بەر بادەم**

لەم دوو دێڕەی سەرەوەدا وشەی سەروای هاوئاواز ئەمانەن:(بادەمر، لادەمر، بەربادەمر)، پاشان شاعیر بەردەوام دەبێت و دەڵێت:

**کە کۆنەی خەڵکی یە ئەمر چەرخە پڕ ئافاتە بۆچیمە** **لەبەرچی پەشمی بێ بایەخ بە شان و دۆشی خۆمر دادەمر**

**هەموو تۆزی خەرابات وقوڕو لیتەرەی زەمین وەك تۆ** ئەویش چەند ڕۆژێ دەمر و لێوێ بووە پرشەککەرو بادەمر (ل.12)

سەروای ئەم دوودێڕەی سەرەوش(دادەمر، بادەمر)ە، کە سەروای هاوئاوازیان دروستکردووە، تا کۆتایی شیعرەکە سەرواکەی هاوئاوازە، بەهۆی وشە سەرواکانی وەکو(ئادەمر، نادەمر و بادەمر) لە دێڕەکانی کۆتایی غەزەلەکەدا.

## 2-1-5-5-سەروای مەحجوب:

ئەو سەروایەیە کە حاجبی هەبێ، واتە پاش سەروای هەبێ.(گەردی،2016،ل212)،هەرشیعرێك پاش سەروای هەبێت، پێی دەڵێن(مورەدەف)، لەشیعری کلاسیکی کوردیدا پانتاییەکی باشی گرتووە. پاش سەروا چەند جۆرێکی هەیە،لەوانە(یەك وشە، دوو وشە، سێ، یان چوار وشە ،یان لەتە دێڕێك) دەکرێتە پاش سەروا. بەندی شاعیر لەمر شیعرانەیدا تەنها یەك جۆری لێ بەرچاودەکەوێت، ئەویش پاش سەروای یەك وشەییە، وەکو لەمر شیعرەدا دەڵێت:

**صەبای موژدەی قودومی تۆمر لەسەد شیرین خەوا بابێ** **عەبیری نافەو شاڵ وشنەی سوخمەو کەوا بابێ**

**لەخەونمر قاصیدێ دەیگووت حەبیب و هەمر طەبییت دێ** **عیلاجمر هەر قودومیتی بەبێ وەصفی دەوا بابێ**

**ئەمن چاومر لەنووری ڕوویی ماهێکە بڵێن یاران** **لەبۆ دەردی دڵی(بەندی) لەتاریکی شەوا بابێ (ل.10)**

وشەی(بابێ) لەهەمووشیعرەکەدا بۆتە پاش سەروا، ئەویش پێکهاتووە لەیەك وشە و پاش سەروای یەك وشەیی پێ دەڵێن. لەشیعرێکی دیکەشدا دەڵێت:

**خەرمەنی نەسرین و لالەمر ئەی چراخانمر وەرە** **تا توانای دیدە ماوە بێرە دیوانمر وەرە**

**ئەودڵەمر وەك کورە ناڵەی لێوە دێ بۆ لێوەکەت** **دادەبیسێ قەقنەس ئاسا وەقتی سووتانمر وەرە**

**نەشئەیی نێو مەجلیسی هەست و ئەوینی عاشقان** **جۆشی بەستەو لاووك هەمر سۆزی حەیرانمر وەرە**

**تاکو تاك و جووتی شیعری پێ بێ بەندی هەر دەڵێ** **رووحەکەمر بۆ تۆی دەبێژمر مەشقی ئەوزانمر وەرە (2023،ل.1)**

لەمر شیعرەشدا وشەی (وەرە) بۆتە پاش سەروا. چەند نموونەی دیکەشی هەیە، بەڵامر بەمر دوو نموونەیە کۆتایی پێ دەهێنین.

## 2-1-5-6- سەروای لاواز:

ئەوسەروایەیە کە لەیەك پیتی بزوێنی کورت دروست دەبێت(گەردی،2016،ل.111).بەندی شاعیر ئەمر جۆرە سەروایەشی هەیە. وەکو لەشیعرێکدا دەڵێت:

**هۆی جەهلە کەتۆ ناگەیە ئاواتی دڵت** **دیواری ڕوخاوت بەعیلمر ڕاست بکەوە**

**بەیداغی عیلمر بەرزە لەنێو هۆزو گەلان** **هەشیارە زەمین گەرچی لەتۆ نیوە شەوە**

**عیلمێ بێ کەوا دەردی دڵت لاببەرێ** **چیدی بەدوای بابەتی عەنقا مەکەوە** (2023،ل.7)

وشەکانی سەروا لەمر سێ دێڕەی سەرەوە ( بکەوە، شەوە، مەکەوە)یە، هەرسێ وشەکە کۆتاییان بەبزوێنی کورت هاتووە، واتە (ە)بۆتە ڕەوی و بەسەروای لاواز هەژماردەکرێت.

## 2-1-5-7- سەروای شایەگان:

ئەمەشیان جۆرێکی دیکەیە لەسەروا بەمر شێوەیە ناسێنراوە، کە ئەوسەروایەیە ڕەویەکەی مەرجی تەواوی ڕەوی تێدانییەو پیتەکانی ڕەوی یەك شت نین. سێ جۆرە سەروای شایەگان هەیە: (شایەگانی زەرفی حالەت، شایەگانی کۆ و شایەگانی بیانی).لەمر چەند شیعرەی بەندی شاعیردا تەنیا شایەگانی کۆ بەرچاو دەکەوێت، ئەویش(ئەوەیەکە (ان)ی نیشانەی کۆ، لەگەڵ(ان)ی ئەسڵی، یان بنەڕەتی وشەکە خۆی، سەروا دروست بکەن(گەردی،2016،ل.117). بۆ نموونە بەندی، دەڵێت:

**دوودی ئاهی سینەکەمر واگەییە تاقی ئاسمان** **کونجی زیندانمر بەزەوقە پڕلەقەومی هەمر زمان**

لەمر دێڕە شیعرەدا(ان)ی وشەی سەرواکان ئەسڵیەوهی بنەڕتی وشەکەن. بەڵامر لەمر دێڕەی خوارەوە، کە شاعیر دەڵێت:

**هەربەیادی ڕۆژی ڕوونمر ڕووبەڕووی شەو تاسەحەر** **ناخەومر بالەو بەشی من خەو بچێ بۆ بێ غەمـــــــان**

لەم دێڕە شیعرەدا وشەی سەروا(غەمان)ە، كە(ان)ە، كە بۆ كۆكردنەوە خراوەتە سەری، ئەگەرنا لەبنەڕتدا هی وشەكە نییە، وشەكە خۆی(غەم)ەو تاكە، بەپاشگری(ان)بۆتە كۆ، بەمەش وای كردووە سەرواكە بگۆڕێ بۆ سەروای شایەگانی كۆ. بەندی بەردەوام دەبێت ودەڵێت:

**باموبارەك بێ خەوت ئەی ئەو كەسەی نازانی كێم** **ڕەنگە ڕۆژی واش هەبێ تۆ بێیت و بگری یاخەمان**

**رابتەكێنی ئەوكراس و كورتەكەی پڕ ڕشك و قـــێچ** **پێم بڵێ ی ئەی پیسی چڵكن نێیە سەیرانگاكەمان**(2023،ل.8)

لێرەدا وشەكانی سەروا(یاخەمان، سەیرانگاكەمان)ن، كە هەردووكیان وشەی كۆكراوەن بەهۆی پاشگری(ان)، واتە هی ئەسڵی وشەكان نین، بەمەش سەروای شایەگانی كۆیان دروست كردووە.

**2-1-6-كەم وكورتیەكانی سەروا(الایطاء):**

شاعیر دەبێت وریایانە مامەڵە لەگەڵ سەروای شیعرەكانیدا بكات، نەهێڵێ هیچ خەوشێك لە چۆنیەتی بەكارهێنانی وشەی سەرواكاندا ڕووبدات، چونكە زیان بەترپەو مۆسیقای ڕەوتی شیعرەكە دەگەیەنێت و لەنگەری ئاوازێك دەدات، ئەمەش دەبێتە هۆی بێزاربوونی خوێنەرو بەهای شیعرەكەش كەم دەكاتەوە، ئەم كەم و كورتیانە پێی دەڵێن (الایطاء). واتە دووبارەكردنەوەی سەروایە لەهەمان روخسارو واتا لەشیعردا.(عتیق،1974،ص.166). ئەمەش ئەوەدەگەیەنێت، كە دوو سەروا لەپارچە شیعرێكدا، وەكو یەك وابن بەهەمان شێواز دووبارە ببنەوە. لەكاتێكدا لەدێڕی یەكەمدا تارادەیەك ڕێگا پێدراوە، بەڵام لە دێڕەكانی دیكەدا بەخەوش دادەنرێت، ئەم خەوشانەش بەپێی جۆری بەكارهێنانەكەی كاریگەریەكەی دەگۆڕێت، بەهۆی دوورونزیكی دێڕەكانی. كەم و كورتیەكان لەسەروادا دووجۆرن:(كەم و كورتی زمانەوانی و فەرهەنگی، كەم و كورتی دەنگ و ئاوازی سەروا). بەندی شاعیر لەشیعرەكانیدا توشی هەردووجۆرەكە هاتووە. بۆنموونە لەشیعرێكدا دەڵێت:

**هەڵمەت بەرە بۆكەشفی حەقیقەت لەژیان** **ئەو خاكە ئەوەی عیلمی هەبێ موڵكی ئەوە**

**بروانە زەمین ئاسن و پۆڵاو و مسی** **ئەوگەنجە لەژێر تۆزو خەراباتی ئەوە(2023،ل.7)**

لێرەدا وشەكانی سەروا(ئەوە، ئەوە)یە، كە لە دوودێڕی یەك لەدوای یەكدا دووبارەكراوەتەوە، بە یەك ڕووخسارو واتاوە، كە بۆتە هۆی دروست بوونی خەوشی سەروا، لەجۆری كەم و كورتی زمانەوانی و فەرهەنگی، بەبەڵگەی بێ دەسەڵاتی شاعیرو زاڵ نەبوونی بەسەر فەرهەنگی زمانەكەیدا، ئەگەر چی لەهەمووبارێكدا ئەم واتایە ناگەیێنێت و ئەگەر پێویست بێت دووبارەبكرێتەوە، ئەوكات شیعرەكە بەهێزتردەكات. بەندی شاعیر لەشیعرێكی دیكەدا تووشی كەم و كورتی دەنگ و ئاوازی سەروا بووە. وەكو لەم شیعرەدا دەڵێت:

**لەزامداری موژەی یارە دڵ و هەم پەردەیی ســـەردڵ** **بڵێنە موطریب و نەیژەن، دەسا نای و نەوا بابـــــێ**

**شیفادێ بۆ دڵم گەر یار بەخۆی مەیگێری مەجلیس بێ** **ئەگەر ژەهریشە باساقی بەگۆزەو بادەوە بابێ (2023،ل.10)**

لەدێڕی یەكەمدا وشەی سەروا(نەوا)یە، وشەی( بابێ) لە هەردوو دێڕەكەدا پاش سەروایە، كەواتە ڕەوی دەبێتە دەنگی(ا) بزوێنی درێژ. بەڵام لە دێڕی دووەمدا وشەی سەروا(بادەوە)یە، ڕەوی دەبێتە دەنگی(ە)بزوێنی كورت. كەواتە جیاوازی لەنێوان دەنگی بزوێنی درێژو كورت دایە، واتە گۆڕینی ڕەوی لە بزوێنی درێژ(ا) بۆ بزوێنی كورت(ە)، لەدێڕێك یان چەند دێڕێكدا دەبێتە هۆی دروست بوونی خەوشی سەروا لەجۆری كەم و كورتی دەنگ و ئاواز لەسەروادا.  هەروەها دەنگی(ڵ- ل)ئەم دوودەنگەش لەیەكەوە نزیكن و هەریەكەیان فۆنیمێكی سەربەخۆن، ئەوەی لەیەكیان جیادەكاتەوە، تەنها ئەم چوكڵەیەیە(7). لەوانەیە هەر ئەم لێك نزیكیەش بێت بوویێتە هۆی ئەوەی شاعیران بەباشی لەیەكی جیانەكەنەوەو پێی تووشی ئەم جۆرە خەوشەی سەروا هاتوون لە شیعرەكانیاندا. بۆنموونە بەندی شاعیر، لەم غەزەلەدا دەڵێت:

**شاگوڵی باغی ئەوینم وێردی ڕۆژو ماە و ســـــاڵ** **مایەی ئیلهامی شیعرم هێزی پێرست و خەیـــــاڵ**

**هێزی دیدەو نوطق و هەستم یاوەرو نوطقەی دەلیل** **چۆن بكەم عەزمی شكارت لەو دەمەی واكەم مەجال**

**وەصل و قوربی تۆ بەبێ شەك جەننەتەو ئاوی حەیات** **عیللەتی خۆشی و نەخۆشیم خاوەنی خەزنەی جەمـــال**

**(ل.2)**

لەم غەزەلەدا وشەی سەروا لە دێڕی یەكەمدا(ساڵ و خەیاڵ)ە، پێویستە سەروای نیوەدێڕی هەموو دێڕە شیعرەكانی دیكە، وەكو سەروای دێڕی یەكەم بێت، چونكە سەروای غەزەل سەرواكەی یەكگرتووە، بەڵام لەم غەزەلەدا بەهۆی گۆڕینی ڕەوی لە دەنگی(ڵ)ی قەڵەو بۆ دەنگی (ل)ی سوك، شاعیر توشی خەوشی سەروا هاتووە، وەكو لەدێڕی دووەم و سێیەمدا دەبینرێت، كە

وشەكانی سەروا(مەجال، جەمال)ە، ئەمەش جیاوازی دروستكردووە، كە بۆتەهۆی كەم و كورتی دەنگ و ئاوازلە سەروادا، بەهۆی گۆڕینی ڕەوی لە دەنگی(ڵ)ی قەڵەو بۆ دەنگی (ل)ی سوك. پاشان شاعیر لەتەواوی غەزەلەكەیدا گەڕاوەتەوە سەرسەروای دێڕی یەكەم.

### 2-1-7- ناسناو (لقب):

تەخەللوس پێویستیەكی شیعری كلاسیكی كوردی بووە، شاعیرانمان لە دێڕی كۆتایی، یان پێش كۆتایی ناو، یان ناسناوی خۆیان نووسیوە، شاعیر هەبووە لە ناسناوێك زیاتری هەبووە، وەكو (سالم - بیمار) یان (كوردی - هیجری) و ...تاد. ناسناو گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەبووە لە هەموو سەردەمەكاندا، هەر ئەمەش بۆتە هۆی كاریگەری لەسەر شاعیرانی كۆن و نوێ و هاوچەرخیشدا. (محمد مەلا مستەفا هەر وەكو شاعیرانی پێش خۆی و سەردەمی خۆشی، لە تەمەنی لاویشدا ناسناوی شیعری بۆ خۆی هەڵبژاردووە، ئەویش ناسناوی (بەندی)یە، هەروەها ناسناوی نووسەریش (م.م.م.)ـە كەواتە وەكو چەندان شاعیری دیكەی گەلەكەمان دوو ناسناوی هەیە، ئەم ناساوانەشی لە نووسین و شیعرەكانیدا بەكارهێناوە، ناسناوی بەندی ڕەنگە هۆكارەكەی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە، كە ماوەیەك لە كەركوك بەند كراوە و لە جنوبی عێراقیش لەگەڵ خێزانەكەی دەست بەسەر بوونە و لە كوردستانیش ماوەیەك (ئینتداب) بووە لە پیشەی مامۆستایەتیدا، لە راستیدا ژیانی شاعیر هەر بەرگێكی وای بۆ دەدورویێت. بۆ نموونە دەڵێت:

| | |
|---|---|
| **تا بەكەی هەر بێ ئومێدی پشكی كورد بێ ئەی خودا** | **كۆیلە و مەظلومی (بەندی) سێ گەلی بێ مروەتن**(2023،ل.3) |

لە كۆتا دێڕی غەزەلێكی دیكەیدا بەندی، دەڵێت:

| | |
|---|---|
| **زامی (بەندی) لەو مەپرسن تا زەمەن شەرحی دەكا** | **جەوریئەوخستیمیە دەوری دەرسی تەحصیلی مەحال** (ل.4) |

لە شیعرێكی دیكەدا دەڵێت:

| | |
|---|---|
| **(بەندی) بە نەظم نووسیم لە بۆ كوردی هەژار** | **(تأیید)ی قسەی كەردم كەچی هەر لە خەوە**(2023،ل.7) |

بەم شێوەیە شاعیر ناسناوی خۆی لە شیعرەكانیدا بە كارهێناوە .

## 2-2- شیعرەكانی بەندی لەڕووی ناوەڕۆكەوە:

شاعیرانی كلاسیكی ئەدەبی كوردی، وەكو شاعیرانی كلاسیكی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەمان مەبەستی شیعریان بەكارهێناوە، لاسایی ئەوانیان كردۆتەوە و مەبەستە شیعریەكانی وەكو:(شیعری نیشتمانی، ئاینی، سیاسی، دڵداری، ستایش، لاواندنە و سروشت و...تاد.)یان بەكاردەهێنا. بۆئەوەی بەشاعیرێك بگووترێت شاعیرە و بەتوانایە دەبوایە لەسەرجەم مەبەستەكانی شیعری شیعری هەبوایە. بەندی شاعیریش هەمان ڕێچكەی گرتووە و بەپێی مەبەستە شیعریەكانی شاعیرانی كلاسیك، شیعرەكانی هۆنیوەتەوە و لەم چەند شیعرەی كە بەردەستن، ئەو مەبەستانە دەخەینەڕوو، كە شاعیر بەكاری هێناون بۆگەیاندنی هزرو بیرو پەیامی خۆی بۆگەل و نەتەوەكەی. بۆ نموونە:

### 2-2-1- شیعری دڵداری:

مەبەستێكی شیعری شاعیرانمانە، یەكێكە لە مەبەستە سەرەكیەكان و پەیوەندیەكی بەهێزی لەگەڵ شاعیرانماندا هەیە. سەرچاوەكەشی هەست و سۆزی پەنگ خواردووی ناخی شاعیرە، بەرانبەر ڕووداوەكان دروست دەبێت، خۆشەویستی لەئەدەبی كوردیدا ڕەنگدانەوەی واقعی ژیانی میللەتی كوردە، كە سیماو ڕووخساری تایبەت بەخۆی هەیە. شیعری دڵداری(ئەوشیعرەیە كەدەربڕین لەهەست و سۆزدەكات، پیاو بەئافرەت دەبەستێتەوەو وێنەی خۆشەویستی پیاوی تێدایەو وەسفی ڕوخساری ئافرەت و ڕەوشت و ئەو خۆشەویستییەی لەنێوانیاندا ڕوودەدات)(رەسول،1989،ل.82)واتە ئەم جۆرە شیعرە پەیوەندی بەهەست و سۆزی مرۆڤەوە هەیە بەهەردووڕەگەزەوە. بەندی وەكو گەنجێكی دڵ تەڕی سەردەمی خۆی كەوتۆتە داوی خۆشەویستی، ئەم خۆشەویستیە وای لێ كردووە، كە داهێنان لەشیعرەكانیدا بكات، وەكو لەم شیعرەدا دەڵێت:

| | |
|---|---|
| **خەرمەنی نەسرین و لالەم ئەی چراخانم وەرە** | **تـا تـوانـای دیـدە مـاوە بـێـرە دیـوانـم وەرە** |
| **ئەودڵەم وەك كورە ناڵەی لێوە دێ بۆ لێوەكەت** | **دادەبـیـسێ قەقـنەس ئاسا وەقتی سووتانم وەرە** |

بەندی مەعشوقەكەی بە خەرمانی گوڵ و چراخان چواندووەو داوای لێدەكات، بچێتەلای تاكو چاوەكانی هێزی بینینیان تیاداماوە و لە دەستی نەداون، دەیەوێت لەماڵەكەی خۆیدا بەچاوی سەر یار ببینێ و بەهەمووتوانای بینینی لێی بڕوانێت. دواتر وەسفی دڵی

خۆی بۆیاردەکات ودەڵێ دڵم وەکو کورەی ئاگر دەسوتێ و ناڵە دەکات بۆ لێوەکانت، هەروەکو باڵندەی ئەفسوناوی (قەقنەس) دەسووتێ و تکادەکەم هیچ نەبێ کاتی سووتانم وەرە بۆلام. پاشان دەڵێت:

**تاڵی چەند ساڵەی تەمەن با طەی بێ بەو شەهدی ویصال — چونکە فـیــرقـەت دەردی دڵ بــوو دەردو دەرمـانـم وەرە**

**سینەکـەم هاویـنــە ڕەنـگـم وەك خــەزانــی پــایــیـزی — تۆ بەسەد ڕەنگـــی بەهـــاری بۆ زمـســتـــانـم وەرە**

شاعیر دەڵێ با ئەو داو و تاڵە سپیانە لەناو پرچم بێ، بۆ تام و مەزەی بەیەك گەیشتنمان، چونکە دابڕانت دەرد بوو بۆ دڵم، خۆشت دەرمانی بۆدڵم، کەواتە دەردو دەرمانم تۆی تکا دەکەم وەرە بۆلام. چونکە سینەم گەرمە وەکوهاوین و ڕەنگم زەردە وەکو گەڵا هەڵوەریوە زەردەکانی پاییزە، تۆش بەم هەمووجوانی و ئاڵ و والاَیەتەوە، هیچ نەبێت بۆ سەرە مەرگم وەرە. پاشان دەڵێت:

**هێندە بێ ئارامە سینەم بۆ دەمێکی دیـــدەنــــــت — ماهی ئاسمانی بەهارو شەوقی گــوڵــدانـــم وەرە (ل1).**

شاعیر ڕایدەگەیەنێت، کە لەئێستادا، دڵی زۆر بێ ئۆقرەیە، بۆ دیدارێکی یار. یاری بە مانگی تابان و شەوق و ڕووناکی گوڵدانەکانی چواندووە. بەم جۆرە هەستی خۆشەویستی و ئازاری دووریی بۆمەعشوقەکەی دەربڕیووە.

### 2-2-2- شیعری نیشتیمانی و نەتەوەیی:

شیعری نیشتیمانی و نەتەوەیی دەربڕینی هەست وسۆزو خۆشەویستییە بۆخاك و نەتەوە، بۆنی نیشتیمان و دەنگی ڕەسەنی نەتەوایەتی لێ بەرزدەبێتەوە.(شیعری نیشتیمانی کۆنەو ڕەگی لەمێژووی نیشتیمان دایە و نەگۆڕە و هەمیشەیی و نەمرە و لەگەڵ گۆڕانی بارودۆخ ناگۆڕێ).(خۆشناو،2002،ل.75).خۆشەویستی نیشتمان و نەتەوە پەیوەندی بەلایەنی دەروونییەوە هەیە و تاك بەخاك و نەتەوەکەی دەبەستێتەوە و دەست بەرداربوونی سانانییە، شاعیرانمان هەمیشە خۆشەویستی خاك و نەتەوەکەیان لەشیعرەکانیاندا باسکردووە و لایەنی سروشتی جوان و بەپیتی خاك و داگیرکاری و ژێردەستەبوونی خەڵك و خاکەکەی ئیلهام و هەوێنی شیعرەکانیان بووە. بەندی شاعیریش ئەم بابەتانەی بەوشەی جوان و ڕازاوە لەچوارچێوەی نیشتیمانی و نە تەوایەتی دەربڕیووە و دەڵێت:

**شاخەکانت قیبلەگاهن باغەکانت جــەنـــنـــەتـــن — عەدن وفیردەوسی زەمینن بێ شەبیەو بابەتن**

شاعیر نیشتیمانی ئەوندە لا خۆشەویست و پیرۆزە شاخەکانی بەقیبلە چواندووە و باغ و باغاتەکانی بە بەهەشت چواندووە لەجوانی و خۆشیدا، دواتر پلەی بەرزتری پێدەدات و بەفیردەوسی سەرگۆی زەوی دادەنێت و بەبێ هاوتاو شازی دەزانێت. پاشان دەڵێت:

**وەك پەپوو تێ خوێندبێتن یانەخۆ بێشکەی بەتاڵ — چۆڵە کوردستانی ئەمڕۆ مێشك و دڵ پڕ حەسرەتن**

لێرەدا شاعیر باس لەتێکدان و وێرانکردنی گوندو ناحیە و شارەدێیەکانی کوردستان دەکات لەلایەن ڕژێمی بەحس و چۆلکردن و ڕاگواستنیان بۆ شارەکان، ئاماژە بەو سەربوردەیە دەدات، کە دەڵێن:( کوندە پەپوو لەهەرشوێنێك بخوێنێت، ئەوشوێنە وێران دەبێت). بۆیە شاعیر دەڵێ کوردستان دەڵێی پەپوو تێیداخوێندووە واچۆل وهۆلە، یان هەر لەسەرەتاوە بێشکەو لانکێکی خاڵی وچۆڵ بووە. چونکە ئیمڕۆ کوردستان چۆلەو کەسی تیانەماوە، ئەوەی ماویشە مێشکی جەنجاڵە و دڵی پڕ ئاهو حەسرەتە، لەدەست ئەم زوڵم و وێرانکارییەی، کە بەرانبەر گەل و وولاَت کراوە. پاشان شاعیر دێتە سەرباسی نەتەوەکەی و دەڵێت:

**سەیری مێژووکە لەکۆن و نوێوە بۆ کورد هەردەڵێ — قەومی پڕ ئینصاف و ئازاو مەردو خاوەن هـــیمەتن**

شاعیر مێژوو بەدەلیل و بەڵگە دەهێنێتەوە،کە مێژووش گەواهی ئەوەدەدات و نووسیویەتی لەسەر ئەوەی کەمیللەتی کورد، میللەتێکی ئازاو مەرد و دادپەروەر و ڕاستگۆ و بەهیمەتن، واتە بۆهەمووخەڵکیان سەلماندووە، کە میللەتێکی زۆرباش و ئەمەکدارن. پاشان دەڵێت:

**داخەکەم چونکی بە دائیم لابەلاو وپەرتەبـــوون — بۆیە ئێستێ چەند بەسانا لێك و پێك و لەت لەتن**

لێرەدا شاعیر خاسیەتێکی خراپی نەتەوەکەی بەداخ و حوزنەوە بەیان کردووە، پێی وایە خووی لەمێژینەو بەردەوامیتیان، کە پەرتووبلاَون و یەکگرتوونین، بۆیە ئێستا دەبینین کە دوژمنانی کورد زۆربەئاسانی خاك و خەڵکی دابەش و پارچە پارچەکردوون. لەکۆتاییدا ڕووودەکاتە خوداو دەڵێت:

**تابەکەی بێ ئومێدی پشکی کورد بێ ئەی خـــودا — کۆیلەو مەضلوومی(بەندی)سێ گەلی بێ مرووەتن (ل3)**

شاعیر هانا بۆخودا دەبات و دەپرسێت، ئەی خودا تاکەی دەبێت، کۆیلەیی و مەزلومی و بێ مروەتی بەش و پشکی ئەم میللەتە خێرلەخۆنە دیوەبێت؟. بەم شێوەیە شاعیر هەستی خۆشەویستی و دڵسۆزی بۆگەل و وولاتەکەی دەربڕیووەو لەم ڕێگەیەشەوە سیفاتە باش و خراپەکانی میللەتەکەی خستۆتە ڕوو.

### 2-2-3- شیعری هاندان و ئامۆژگاری:

ئەم مەبەستە شیعریە بەپێی سەردەم و کات، شوێنی خۆی لەناو بەرهەمی شاعیراندا کردۆتەوەو بۆتە جێی گرنگی پێدانی شاعیران، بۆ ئاگادارکردنەوەو ئامۆژگاریکردنی ڕۆڵەکانی نەتەوەکەی، هاندانیان بۆ هۆشیارکردنەوەو بەکارهێنانیان بۆ هەموو مەبەستێکی گرنگ و هەستیار، بۆئەوەی ڕۆڵەی گەلەکەیان نەکەوێتە سەر ڕێگای چەوت و چەوێڵ و ڕێنوێنیان بکەن، بەمەبەستی سوود وەرگرتنیان لەو ئەزموونەی کە شاعیران پێش ئەوان هەیان بووە، لەسەرجەم کایەکانی ژیانیاندا. بەندی شاعیریش لەم مەبەستە شیعریەشدا شعری هۆنیوەتەوە، چونکە هەمیشە لەغەمی ڕۆڵەکانی نەتەوەکەیدابووە و هانیداون بۆهەنگاونان بۆپێشکەوتن و بەرەوپێشچوونیان. وەکو لەم شیعرەدا دەڵێت:

**ئەی کوردە وەرە وشکە گرێی خۆت بکەوە　　چەند چەرخە کە داماوی لەنێو ماتەمـــەوە**

**هۆی جەهلە کەتۆ ناگەیە ئـاواتی دڵـــــت　　دیواری ڕووخاوت بەعیلم ڕاست بکــــەوە**

**بەیداغی عیلم بەرزە لەنێو هۆزو گـــەلان　　هەشیارە زەمین گەرچی لەتۆ نیوەشـــەوە**

شاعیر بانگی ڕۆڵەی گەلەکەی دەکات و هانیان دەدات، چارەسەری کێشەکانی خۆیان بکەن و ئەو ئاستەنگانە بشکێنن، کە لەبەردەمیاندا بۆتە مایەی کۆسپ و دواکەوتنیان. شاعیر نەزانین و نەخوێندەواری بەهۆکاردەزانێت، بۆ نەگەیشتنی ڕۆڵەی گەلەکەی بەئاوات و ئامانجەکانی خۆی، بۆیە هانیان دەدات و داوایان لێ دەکات، بە زانست و زانیاری باری خۆیان و گەلەکەشیان ڕاست بکەنەوە. چونکە ئاڵای زانست لەناو هەموو گەل و هۆزێکدا ئەشەکێتەوە، تەنیا لای ڕۆڵەی کوردنەبێت پشگوێ خراوە و گرنگی پێ نەدراوە. دواتر شاعیر هانی ڕۆڵەکانی گەل دەدات بۆئەوەی هەنگاوەکانیان چوست و چالاك بکەن وهەڵمەت بەرن بۆ دۆزینەوەی ڕاستیەکانی ژیان و ئەو زانست و زانیاریانە بەدەست بهێنن، کە نەتەوەکانی دیکە  پێی پێشکەوتووە، نەك لەم سەردەم و چەرخەدا هەر خەریکی هەوەس بازی بن، چونکە ئەنجامی ئەم خاك و نیشتمانە بۆ ئەوکەسانەدەبێت، کە خاوەن علیم و زانست و زانیارین، نەك بۆ ئەوانەی خەریکی کەیف و سەفا و ڕابواردنن.

**عیلمێ بێ کەوا عالەمی پێ گەییە فەلـــەك　　لەم چەرخە ئەتۆ مەستی لەبۆ باوەشـــەوە**

**هەڵمەت بەرە بۆ کەشفی حەقیقەت لەژیـان　　ئەوخاکە ئەوەی عیلمی هەبێ موڵکی ئــەوە**

**دەی زووبە بڕۆ چوست بکە هەنگاوی شلت　　چیت داوە لەباغی گوڵ و هەر بولبولـــــەوە**(بەندی،2022،ل7)

### 2-2-4- شیعری کۆمەڵایەتی:

ئەم مەبەستە شیعریە تایبەتە بە ژیانی کۆمەڵگەو سەرجەم ئەو داب و نەریتە چەوت و نەشیاوانەی کەباون و بوونەتە دیاردە و نەخۆشی لەناو کۆمەڵگەدا، شاعیر دەیەوێت لەڕێگای ئەم مەبەستە شیعریەوە کۆمەڵگەکەی لێ هۆشیار بکاتەوە و ئاستی ڕۆشنبیریان بەرز بکاتەوە و لەم دەردانە ڕزگاریان بکات. (شیعری کۆمەڵایەتی ئەوشیعرەیە، کە گیروگرفتی کۆمەڵایەتی و دەردەکانی کۆمەڵگە، لەهەژاری، نەزانی، نەخوێندەواری، نەخۆشی و لایەنە چەوتەکانی کۆمەڵ دەخاتە ڕوو.)(ابراهیم،1989،ل.82). بەندی شاعیر لەڕێگەی ئەم مەبەستە شیعریەوە هەوڵی داوە باسی لۆمەولۆمەکاری خەڵك و خزم و کەسە نزیکەکانی خۆی بکات، کە بۆتە مایەی بێزار بوون لەخودی خۆشی. لەدەست ئەم دەردە نەشیاوە، کە بۆتەجێگای نیگەرانی شاعیرو بێ هێزبوون و ماندووبوونی لەدەست کەس و کاری، وەکو لەم شیعرەدا دەڵێت:

**دەخیل سووتام بەداغی لۆمەیی خۆیی و کەس وکارم　　ئەگەر صاحیب دڵانی خەڵك لە دادم بێنە هــــــــاوارم**

**کزو مات و زەبوون و لاشە سست و عاجزو خەستەم　　ئەوەی گوێ ڕایەڵی زارم نەبێ نازانێ ئــــــــــــازارم**

**چەماوە پشتی ئاماڵم وەکو قافی سەری گۆجـــــــــــان　　نەتەنها هەرلە خزم و خوێش لەخۆشم پەست و بێزارم(ل6)**

بەم شێوەیە بەندی گوزارشتی لە لۆمەو قسەو باسی خەڵك و کەس و کاری خۆی دەکات، دەرهەق بە خودی خۆی، کە بۆتە مایەی بێزاربوونی لەسەرەتای ژیانی تا کۆتایی، بەهۆی ئەم ئەتوارە ناشیرینەی کە لەناو کۆمەڵگەدا هەیە.

**5-2-2- شیعری شیوەن و لاواندنەوە:**

شیعری(لاواندنەوە یان شیوەن مەبەستێکە شاعیر دەربڕین لە سۆزی خۆی بەرانبەر مردوو دەکات، بۆ مردووەکە دەگری و هەموو خاسیەتەکانی دەژمێرێت).(ابراهیم،1989،ل.61).شیعری لاواندنەوە بۆکەسی نزیك یان خۆشەویست دەگووترێت، کەکۆچی دنیا دەکات. بەباسکردنی سیفەتێك، یان چەند سیفەتێکی باش لەمر کەسەدا، شاعیر بەهۆنراوە شیوەنی بۆ دەگێڕێت و سۆزو خۆشەویستی خۆی تێدا دەردەخات. بەندی لەڕێگەی ئەمر مەبەستە شیعریەوە شیوەنێك بۆ مەلا خەلیلی دووسەرە ناسراو بە (مخلص)ی شاعیر دەگێڕێ و دەڵێت:

**بڵێنە دەشتی هەولێرێ بەکوڵ بگری ئەوا ڕۆیـــــــــی بەرەو بازاڕەکەی پاییز گوڵێکی دی بەبێ مافـــــــــــی**
**بەمەردی گیانی پاکی چوو بەکوردی ئەو بەخاکی چـوو بەرەو یەزدانی تاکی چوو ئەوەندەی لازمەو کافـــــی**
**بڵێنە سالم ونالی خەلیلی خاکی هەولێرهـــــــــــــــــات هەزارانی وەکو بەندی کزو بەندن لە ئەطرافی (ل.5)**

بەمر جۆرە بەندی شیوەنی بۆ (مخلص)ی شاعیر گێڕاوە و چەند سیفەتێکی باس کردووە و سۆزو خۆشەویستی خۆش پیشانداوە بۆی.

**6-2-2- شیعری وەسف:**

ئەمەش مەبەستێکی تری شیعری شاعیرانەوبریتییە لە(لاسایی کردنەوەو نواندنی شتێکە بەهۆی نیشاندانی سیفەتەکانی، واتە باسکردنی شتێکە وەك خۆی ،کە لەچ بارو دۆخێك دایە)(ابراهیم،1989،ل.55). بەندی وەکو شاعیرانی کلاسیکی پێش خۆی ئەمر مەبەستەشی بەکارهێناوە، بەڵامر جیاوازە لەناوەڕۆکدا، چونکە هاتووە وەسفی ژیان و گوزەرانی خۆی کردووە، لەوکاتانەی کە لە بەندیخانەدا ڕاگیراوە لە کەرکوك لەساڵی 1985م . شاعیر وەسفی ناخ و دەروونی خۆی دەکات، پاشان دێتە سەر وەسفی ڕووخساری و دەڵێت:

**دوودی ئاهی سینەکەمر واگەییە تاقی ئـاسمـــــــــــان کونجی زیندانمر بەزەوقە پڕ لە قەومی هەمر زمـــــــان**

لەمر دێڕەی سەرەوەدا شاعیر وەسفی ڕاستەقینەی ناخی خۆی دەکات. پاشان ڕاستیەکانی ڕووخساری لە ناو بەندیخانەدا وەسف دەکات ودەڵێت:

**ڕای تەکێنی ئەو کراس و کورتەکەی پڕ ڕشك و قێچ پێمر بڵێ ی ئەی پیسی چڵکن نێیە سەیرانگاکەمـــــان**
**ێیکە بۆمن ژین و مردن چونکە دیـلـیـمر هــاتـەڕێ هەرکەسێ وەك تۆبێ بەندی لای یەکە مان و نەمان (ل.8)**

لەکۆتاییدا شاعیر مەرگ و ژینی لەلا وەکو یەك وایە، چونکە زیندانی کراوەو ژیان لەزەتی بۆ ئەو تیادا نەماوە. دەڵێ هەرکەسێکی تریش وەکو من بێت، هەمان هەست و بڕیاری دەبێت.

**7-2-2-شیعری فەلسەفی:**

ئەمەش مەبەستێکی دیکەی شیعری شاعیرانی کلاسیکی کوردی بووە، کە مانای خۆشەویستی و داناییe(حب الحكمه) دەگەیەنێت. هەندێك جار شاعیران بیرۆکەی فەلسەفی لەنێو شیعرەکانیاندا بەرجەستە دەکەن. بەندی شاعیردەیەوێت چەند بیرۆکەیەکی خۆی بخاتەڕوو، کە جێگای باس و خواسی زۆرانێك بوون لە سەردەمانی پێشوو. ئەمر بیرۆکانەش خۆیان لە چۆنیەتی دروست بوونی ئادەمیزاد، زەمین، فەلسەفەی مەرگ و ژین و باران بارین ...تاد. دەبینێتەوە. بۆنموونە شاعیرلەمر شیعرەدا ئارەزووی لەجۆرە مەستیەکی تایبەتە، ئەویش مەی و بادەی خەیاڵە کە لەناو بیرەوەریەکانی منداڵی خۆیدا دەیان دۆزێتەوە، مەستەو ئارەزووی گەڕانەوەی ئەوکاتە دەکات، هەرچەندە ئەمە زۆرئەستەمە. وەکو دەڵێت:

**لەجام و بەزمی بێ هەستان جودایە من مەی و بادەمر دەبێ دائیمر دڵی زارمر لە داوی کـــــــــــۆڕی وان لادەمر**
**مەی و بادەی خەیاڵی من گەزەنگی شوعلەیی عیشقە کە ژەنگی دڵ بماڵێنێ لەنێو ئەمر سینە بەر بــــــــــادەمر**
**بەغەمزەی چاوی مەستووری ئەمن مەستمر لەڕۆژی هەمر شەڕابی عەهدی خورد ساڵیمر وەرە بۆ جیسمی ئوفتادەمر**
**لەدەرسی ئەووەلی دونیام کەزانیمر دۆزەخی ژێــــــرە هەتا محشەر ئەمن مەمنوونی تەقریری ئەو ئوستادەمر**
**کەکۆنەی خەڵکی یە ئەمر چەرخە پڕ ئافاتە بـۆچـیـمـــە لەبەرچی پەشمی بێ بایەخ بەشان و دۆشی خۆمر دادەمر**
**هەموو تۆزو خەرابات و قوڕو لیترەی زەمین وەك تـــۆ ئەویش ڕۆژێ دەمر و لێوێ بووە پڕ شەککەرو بـــادەمر**
**ئەویش چەند ڕۆژ بەلاف و سەڵطەنەت یەکێکی کـــەی دەخـستە ژێر پێی لافی(تـسـلـسل)وایـە تـا ئـــــــــادەمر**

لەم چەند دێڕەی سەرەوەدا شاعیر تارۆژی دوایی سوپاسی ئەو مامۆستایەی دەکات کە فێری کردووە، دونیا بۆ مرۆڤی عاقڵ و ژیر دۆزخە، بۆیە شاعیر ئەم دونیا بریقەدارو سەرنج ڕاکێشەی ناوێت و بیزارە لێی، بۆیە زەمانە بە ئافات و پرکێشە و ئاشوب ناودەبات و دەڵێ هەمووی جێماوی کۆچکردووانە، بۆیە من(شاعر) نامەوێت؛ چونکە تاکو گەیشتۆتە سەردەمی من کۆن و بێکەلك بووە. شتی کۆن وبێ سوودیش بەکار ناهێنم و نامەوێت. واتە شاعیر لەزەمانە بێزارە، بەڵام خاك و زەوی خۆشدەوێت. بۆیە دڵی بۆ زەوی دەسوتێت و خەڵکی لێ ئاگادار دەکاتەوە، کە بەفیزو لوت بەرزیەوە بەسەری دانەڕۆن و بەبەزەیی بن لەگەڵی؛ چونکە ڕۆژانێك ئەم خاك و خۆڵە جەستەی کەسانێکی قسە خۆش و شیرین کەلامی وەك ئێمە بووە. ئەوانەی کەبەلاف و سەڵتەنەتەوە لەسەری ژیاون، ڕۆژێك هاتووە خستۆتیە ژێر پێیەکانی و ئەمەش سونەتی ژیانەو لەسەردەمی حەزرەتی ئادەم تاکو کۆتایی هەروادەبێت. لە کۆتاییدا دەڵێت:

| | |
|---|---|
| **ئەویش مەسحووری چاوێکی پڕی غەمزەی حەبیبێ بوو** | **دەبینی ئاسمان ئێستاش دەکا بۆی گریە دەم بەدەم** |
| **بڵێ(بەندی) بەئەوچەرخەی ڕەگ و تاری هەموو بادای** | **نـــــــادەمئەگەر خواوەند بدا دەستم دەبێ ڕیشەی دڵی بادەم** (12ل،2023) |

لەکۆتاییدا شاعر پەیوەندی لەنێوان ئاسمان و زەوی دروست دەکات، بەگریانی ئاسمان بۆ زەوی؛ کە بریتییە لە باران، باران فرمێسکی ئاسمانە بۆ ئەوانەی ماڵئاواییان لە زەوی و زەمانەکردووە. بەندیش داوای تۆڵەسەندنەوە دەکات لەزەمانە، ئەگەر خوداوەند دەستی بدات ڕیشەی دڵی بادەدات. ئەوەی لێرەدا ماوە ئاماژەی پێ بدرێت، تەنها وەڵامی نامەیەکی شیعری( بێدەر)ی شاعیرە، کە بۆ بەندی شاعیری ناردووە، لەکوردستانی ڕۆژهەڵات لەساڵی 1994م ، (بەندی)یش بەم جۆرە وەڵامی داوەتەوە و دەڵێت:

| | |
|---|---|
| **گەرچی دووری چێژنیم و باری من ئەهوەنترە** | **داخەکەم ئەمما بە باللە ژینی من شیوە نترە** |
| **گەرچی خۆت باش لێ دەزانی لەو مشوورەی خۆت دەڵێی** | **ژینی وێندەر ئەستەمیش بێ لێرە زۆر مەحکەمترە** |
| **تۆ کەهەوداکەی ئومێدت جارێ بزرە غەم مەخۆ** | **باشتری من نائومێدی بۆم لەخۆم مەحرەمترە** |
| **هەر بەئومێدی خودا ڕۆژێ کەهات دۆزیتەوە** | **دەبینی زۆرلەمەرهەم خۆشتر و مەرهەمترە** (بێدەر،1994،ل9) |

لەکۆتاییدا بەندی، دەڵێت:

| | |
|---|---|
| **کــەوثەرت تۆ گەرمگێژە بێدەرا بەندی دەڵێ** | **هێوربەجارێ هێوری خۆت زۆرلەزەمزەم زەمترە** |

لەم نامە شیعرییە ئەوە دەخوێندرێتەوە، کە بەندی شاعیر دڵ نەوایی احمد رمەزان ناسراو بە(بێدەر)ی شاعیر دەکات و نموونە بەخۆی دەهێنێتەوە، کە حاڵ و گوزەرانی زۆر لەو خراپ ترو بێ دەرامەت ترە، وەزعی هەرێمی کوردستانیش سەرەڕای خراپی بارە ئابووریەکەی، باری سیاسی و سەربازیشی باش و جێگیرنییە، هەرهیچ نەبێت کوردستانی ڕۆژهەڵات بارە سەربازی و ئابووریەکەی جێگیرە و ژیان تائاستێکی باش ئاساییە. بۆیە داوای لێ دەکات ئارام بگرێت و بێ ئومێد نەبێت ڕۆژێك دێت ئەم حاڵ و گوزەرانەش باش دەبێت، بەیاری خودا.

## ئەنجامەکان

لەکۆتاییدا بەم خاڵانەی خوارەوە گەیشتین:

1- بەندی شاعیر لاسایی شاعیرانی کلاسیکی پێش خۆی کردووەتەوە و هەمان ڕێچکەی گرتووە، بە هەمان تایبەتمەندی شیعرەکانی هۆنیووەتەوە؛ ئەو یاسا ڕێسایانەی لە شیعری کلاسیکی کورددیدا هەیە، لە شیعرەکانی بەرچاو دەکەوێت.

2- بەندی بەسەلیقەوە شیعرەکانی هۆنیووەتەوە و شیعرەکانی ئەوەمان بۆ دەسەلمێنن، کە شارەزاییەکی زۆرباشی لەسەر شیعرو هونەرەکانی شیعری هەیە، بەتایبەتی لەسەر شیعری کلاسیك، بەڵام لەچەند شیعرێکدا تووشی خەوشی سەرواهاتووە، لە گۆڕینی دەنگەکانی(ا)بزوێنی درێژ بۆ بزوێنی کورت(ە)، یان (ڵ) قەڵەو بۆ(ل)سوك.

3- لەم چەند شیعرەدا بەندی لەڕووی بەکارهێنانی کێشی عەرووزییەوە، لەشیعرەکانیدا تەنیاهەردووکێشی هەزەج و ڕەمەڵی بەکارهێناوە.

4- بەندی تاكو ئێستا كاریگەری شاعیرانی كلاسیكی زیاتر بەسەرەوەیە، نەك شاعیرانی ئەدەبی نوێ، هەرچەندە زۆریش دووركەوتۆتەوە، ئەم كاریگەریانە پتر لە شێوەی پابەندبوون بە شێوازی شیعری كلاسیكەوە بەرجەستە دەبن.

5- شاعیر لە ڕەوانبێژی و هونەرەكانی ڕەوانبێژیدا دەستێكی باڵای هەیە، لێزانانە لەشیعرەكانیدا بەكاری هێناون.

## سەرچاوەكان:


- ابراهیم، شوكریە، ڕەسول.( 1989)، ئەدەبی كوردی و هونەرەكانی ئەدەب، مطبع التعلیم عالی، اربیل.
- بەسیر، كامل حسن،( 1981)، زانستی ئاوەڵواتا، بەغداد.
- دلزار،احمد محمد حەوێزی.( 2007)، دیوانی شیعری دلزار، چاپی دووەم،بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.
- حوسێن، هـیمداد. (2007)، دەروازەیەك بۆ ڕەخنەی ئەدەبی كوردی، چاپی یەكەم، دهۆك.
- خۆشناو، ئەبوبكر.( 2002)، شیعری بەرەنگاری كوردی،چاپخانەی ڕووناكبیری، سلێمانی.
- خەزنەدار، مارف(2010)،مێژووی ئەدەبی كوردی، بەرگی دووەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
- عەبدوڵڵا، ئیدریس(2012)، جوانكاری شیعری كلاسیكی كوردی، چاپی یەكەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.
- گەردی،عزیز(1972)، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی كوردیدا، بەرگی یەكەم، ڕونبێژی،چاپخانەی جاحز، بغداد.
- گەردی،عزیز(2005)، ڕەوانبێژی، چاپی دووەم، چاپخانەی ئارام، هەولێر.
- گەردی، عزیز(2011)، وەرگێڕانی هونەری شیعری ئەرستۆ، چاپی دووەم، چاپخانەی گەنج، سلیمانی.
- گەردی، عزیز(1975)،ڕەوانبێژی لە ئەدەبی كوردیدا، بەرگی دووەم، چاپخانەی شارەوانی، هەولێر.
- گەردی، عزیز(2022)،ڕابەری كێشی شیعری عەرووزی كوردی، چاپی یەكەم، بەرگی یەكەم، دەزگای فام،هەولێر.
- مدرس، عبدالكریم (19) ، بەدیع و عەرووزی نامی. بەشی یەكەم و دووەم، چاپخانەی جاحز، بغداد.
- معروف، كمال(2010)، دیوانی سامی عەوداڵ. چاپخانەی كارۆ، چاپ و بڵاوكردنەوەی سلیمانی.
- نوری،جەلال جمیل.(1987). چەپكی سێیەم لە دیوانی نووری، چاپخانەی ئەمینداریەتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوان، هەولێر.
- هیرانی، محمد مەلامصطفی(2015)، دیوانی صافی، چاپی دووەم، لوبنان.


**گۆڤارەكان:**


- بیمار،عبدالرزاق(1987). عەرووز لە هەڵبەستی كوردی دا. ڕۆشنبیری نوێ،ژمارە 113.
- هیرانی، محمد مەلامصطفی.( 1979). چەپكێك لە شیعری ناسك. بەیان، ژمارە 55،بغداد.
- هیرانی، محمد مەلامصطفی (2003). یاساوئازادی،ئاسۆی پەروەردە. ژمارە22،هەولێر.
- هیرانی، محمد مەلامصطفی (2000). بابخوێنین. ئاسۆی پەروەردە، ژمارە2، هەولێر.
- نامەی ئەكادیمی:
- سالار، عەبدول، سلام.(2000). هونەری ڕەوانبێژی لەشیعرەكانی(نالی)دا، نامەی ماستەر،بەشی زمانی كوردی،زانكۆی سلیمانی.
- مەولوود، عبدوڵڵا خدر(1996)،لێكۆڵینەوەیەك لەشیعرەكانی حەمدی، نامەی ماستەر،كۆلێجی ئاداب، زانكۆی سەلاحەددین.
- بەزمانی عەرەبی:
- البستانی، محمود(1414هـ)، القواعد البلاغیه فی ضوء المنهج الاسلامی، الطبعة الأولی، مؤسسة الطبع و النشر فی الأستانه الرضویه، مشهد، ایران.
- الجنابی،احمد.ناصر.وابراهم حسن.(1982).الصورة الشعریة. الطبعة الاولی.دار الرشید للنشر، بغداد.
- السكاكی، ابی یعقوب بن ابی بكرمحمد،(1937).مفتاح العلوم. طبعە اولی، السعادة، مصر.
- عباس، احسان.(1979). فن الشعر. الطبعة الثالثة، دار الثقافه،بیروت.
- عتیق، عبدالعزیز.(1974).علم العروض والقافیة. دار النهضة العربیة،بیروت.
- الفضل، صلاح.(1987). فن التقطیع الشعری والقافیة، الطبعەالثانی، دارالشؤن الثقافة العامة، بغداد.
- مبارك، محمد رضا.،(1992).اللغە الشعریە فی الخطاب النقدی العربی،لازم التراب والمعاصرە،طبعە الاولی، دار الشؤن الثقافة العامة،بغداد.
- هلال، محمدغنیمی.(1986).النقد الادبی الحدیث.الطبعەالثالثە. دار العودە، بیروت.
- بەزمانی فارسی:
- شمیسا، سیروس.(1368).نگاهی تازە بدیع. چاپ دوازدە، تهران.
- هادی، روح الله.(1376). ارایهای ادبی قالبهای شعر، بیان وبدیع. تهران.


## چاوپێكەوتنەكان:


- بێدەر، ڕەمەزان.احمد.محمد.(30-5-2023). ژیان و بەرهەمی،هاوڕێی شاعیر، باغی پێشمەرگە،هەولێر.
- هیرانی، محمد.مەلامصطفی.(4-4-2023). ژیانی شاعر، باغی شار، هەولێر.


**دەستنووسەكان**


- بەندی، محمدمەلا مصطفی(1976-2000). شیعرەكان، تۆماری(2).
- بێدە، ڕەمەزان احمد(1994م.)، نامەی شیعری، تۆماری(1).

## (بەندی) كشاعر كلاسيكي غير معروف

**ئوميد عزيز مصطفى**
قسم اللغة الكورديه"كلية التربية الأساس"جامعة صلاح الدين-أربيل
armanumed@gmail.com

**ملخص**

النظر الى الوراء هو قوة الحاضر و اساس الابتكار, على الرغم من ابتعاد الشعراء الآكراد عن المسار الكلاسيكى لفترة طويلة, ومر الشعر الكردي بعدة مراحل أخرى, الا أن هذة الدراسة تظهر أن هناك شعراء, حتى لو كانوا أفراداً في الوقت الحاضر, يؤلفون الشعر الكلاسيكى ويتبعون المسار الكلاسيكى الاكتشاف. ان أعمال الشاعر الكلاسيكى الآن مهمة بنفس القدر في تعريفها للقراء و الكتاب الاكراد و اثراء شعر أدبنا الوطني. خاصة في بلدة هيران ومنطقة خوشناوتي. لأنه لايزال يحتوى على العديد من المواد الأولية التى لم يدركها, للوصول اليها لانقاذها من اطار النسيان والعمل المجهول غير المكتوب, لذاليك يعتبر هذا العمل الأكاديمى الأول. يمكن القول انه بعد تحقيق دقيق وبذل الكثير من الجهد,تمكنا من الحصول على حفنة من القصائد الكلاسيكية للشاعر( بندى) و جعلها محتوى بحثنا. على الرغم من قصائد بندى لم يتم جمعها في كتاب, فقد ادى ذلك الى قطع قليلة من الشعر لاتتجاوز أطرافا الأصابع. لقد جعلنا في هذا البحث, مراحل حياة الشاعر وخصائص قصائدة من حيث الشكل و المضمون جوهر البحث, لقد اتبعنا نهجاً تأريخياً و وصفياً لتنظيم العمل.

**الكلمات المفتاحية:** الحياه الشاعر, الشعرالكلاسكى, الشكل و محتوى.

## (Bandi) As an Unknown Classical Poet

**Umed Aziz Mstafa**
Department of Kurdish Language, College of
Basic Education, Salahaddin University-Erbil
armanumed@gmail.com

**Abstract**

Looking back is the strength for the present and the foundation for in novation. Although Kurdish poets have moved away from the classical path for a long time and Kurdish poetry has passed through several other stages, this study shows that there are poets, even if they are individuals Nowadays, they compose classical poetry and follow the classical path the discovery of the works of a classical poet is now equally important in introducing them to Kurdish readers, writers and enriching the poetry of our national literature. Especially in Hiran town and Khoshnawti area. Because it still contains many raw materials that no one has realized or created, to reach out to, to rescue them from the frame work of oblivion and unknown and unwritten work, so this is considered the first academic work. It can be said that after a careful investigation and a lot of effort, we were able to obtain a handful of classical poems of the poet (Bandi) and make it the content of our research. Although Bandy is poems have not been collected in a book, this has led to a few pieces of poetry that do not exceed the fingertips. In this research, we have made the stages of the poet’s life and the characteristics of his poems, in terms of form and content, the essence of the research. We have followed a historical and descriptive approach to organize the work.

**Keywords:** biography, poetry classical, form and content.